

# ڕۆزا لۆکسمبێرگ

وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە: شۆڕش فەرامەرزی

# I

## مافی نەتەوەکان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆ

شۆڕشی ساڵی ١٩٠٥ی ڕووسیا، لە ناو هەموو کێشەکاندا، پرسی نەتەوەیی کرد بە خاڵێکی بابەتێکی سەرنجڕاکێش. لەوەپێش ئەو کێشەیە هەر لە هەنگاریا ـ نەمسا گرینگ بووە. بەڵام ئێستا لە ڕووسیاش گرینگی پەیدا کردووە، چونکە پەرەسەندنی شۆڕشگێڕی، هەموو چینەکان و لایەنە سیاسییەکانی زۆر بە باشی لەوە ئاگادار کردەوە کە پێویستە پرسی نەتەوەیی وەک بابەتێکی سیاسەتی کردەیی، چارەسەر بکرێت. هەموو پارتە نوێیەکان و ئەوانەی تازە خەریکە لە ڕووسیادا دروست دەکرێن، چ بنچینەیی (ڕادیکاڵ)، چ ئازادیخواز (لیبێڕاڵ) و چ کۆنەپەرست[1]، ناچار کراون لە بەرنامەکانیاندا جۆرێک لە هەمبەر پرسی نەتەوایەتی هەڵوێست بگرن، چونکە لە نزیکەوە پێوەندی لەگەڵ کۆی سیاسەتەکانی ناوخۆ و دەرەوەی دەوڵەتدا هەیە. چەمکی نەتەوایەتی بۆ هەر پارتێکی کرێکاری، هەم پرسی (چۆنێتیی) بەرنامەیە و هەم (چۆنێتیی) ڕێکخستنی چینایەتی. هەڵوێستی هەر پارتێکی کرێکاری لە هەمبەر پرسی نەتەوەیی، وەک هەر پرسێکی تر، دەبێت لە ڕەوشت و بۆچوونی بنەڕەتیدا، لە هەڵوێستی تەنانەت بنچینەییترین پارتە بوورژواکان و پارتە زڕەسۆشیالیستەکان و وردەبورژواکانیش[2] جیاواز بێت. سۆشیال دیموکراسییەک کە بەرنامەی سیاسیی ئەو لە سەر بنەمای ڕەوشتی زانستیی ماتریالیزمی مێژوویی خەباتی چینایەتی دامەزرابێت، ناتوانێت پرسی نەتەوەیی هەڵاوێرێت و گوێی پێ نەدات. جگە لەوەش تەنیا بە

[1] Reactionary

[2] Pseudo-socialistic, petit bourgeois parties

ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کێشەکە لە ڕوانگەی سۆشیالیزمی زانستییەوەیە کە سیاسەتی سۆشیال دیموکراسیی چارەسەرێکی *لە گەوهەردا یەکشێوە*[3] دێنێتە ئاراوە؛ لەگەڵ ئەوەش بەرنامەکە دەبێت ئەو شێوەگەلە جۆراوجۆر و بەربڵاوەی پرسی نەتەوەیی ڕەچاو بکات کە لە فرەچەشنیی ئێتنیکیی[4]، کۆمەڵایەتی و مێژوویی ئیمپراتۆریی ڕووسیا[5]وە سەرچاوە دەگرێت.

لە بەرنامەی پارتی کرێکاریی سۆشیال دیمۆکڕاتدا RSDLP[6] ئەو فۆرمۆلە، کە چارەسەرێکی گشتی بۆ پرسی نەتەوایەتی لە ڕواڵەتە تایبەتەکانی خۆدا لە خۆ گرتبوو، لە خاڵی ژمارە نۆدا هاتووە؛ ئەو خاڵە دەڵێت پارتەکە خوازیاری کۆمارێکی دیمۆکڕاتیکە کە دەستوورەکەی جگە لە شتەکانی تر، ئەو بابەتەش بچەسپێنێت «کە هەموو ئەو نەتەوانەی کە بەشێکن لە وڵات، مافی ئەوەیان هەیە چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن».

ئەو بەرنامەیە دوو مژاری یەکجار زۆر گرینگ لە سەر تەنیا یەک بابەت دەگرێتە خۆ. یەکێک لەوانە خاڵی ژمارە حەوتە کە دەیەوێت چینەکان نەمێنن و یەکسانیی یاسایی تەواو لە ناو هەموو_هاووڵاتییاندا بێ جیاوازی لە نێوان ژن و پیاو، ئایین، ڕەگەز یان نەتەوەدا بەڕێوە بچێت، هەروەها خاڵی ژمارە هەشتیش دەڵێ هەموو گرووپە ئێتنیکییەکانی ناو وڵات دەبێ مافی ئەوەیان هەبێت بە خەرجیی دەوڵەت بە زمانی تایبەتی نەتەوەی خۆیان قوتابخانەیان بۆ دابین بکرێت، مافی ئەوەیان هەبێت زمانی خۆیان لە کۆبوونەوەکانیان و لە ئاستێکی بەرامبەر لەگەڵ زمانی (فەرمی)ی

---

[3] Essentially Uniform
[4] Ethnic
[5] Russian Empire
[6] Social Democratic Labor Party

دەوڵەت لە هەموو کاروباری دەوڵەتی یان گشتیدا، بەکار بهێنن. خاڵی ژمارە سێی ئەو بەرنامەیەش، زۆر لە پرسی نەتەوەیی نزیکە. ئەو خاڵە خواستی خۆبەڕێوەبەریی گشتی لە ئاستی ناوچەیی و پارێزگاییدا لەو ناوچانەی کە بە هەلومەرجی ژیان و پێکهاتەی جەماوەریی تایبەت ناسراون، فۆڕمۆلە دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا دیارە نووسەرانی بەرنامەکە هەستیان کرد یەکسانیی هەموو هاووڵاتییان لە هەمبەر یاسا، مافەکانی زمان و خۆبەڕێوەبەرایەتیی ناوچەیی، بۆ ئەوەی کێشەی نەتەوەیی چارەسەر بکات، تەواو و بەس نییە، هەر بۆیەش بە پێویستیان زانی بڕگەیەکی تایبەت بە بەرنامەکەوە بلکێنن کە تێیدا بۆ هەر نەتەوەیەک «مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆ» لە بەرچاو بگیرێت.

ئەوەی لەو فۆرمۆلەدا زۆر سەیرە ئەو ڕاستییەیە کە هیچ شتێکی وای تێدا نییە کە پێوەندیی تایبەتی بە سۆشیالیزم یان بە سیاسەتەکانی چینی کرێکارەوە هەبێت. «مافی نەتەوەکان بۆ دیاریکردنی چارەنووس» لە یەکەم چاوپێکەوتندا هەمان دووپاتکردنەوەی دروشمی لەمێژینەی نەتەوەگەریی بووڕژوایە کە لە هەموو وڵاتێکدا خراوەتە ڕوو، واتە: «مافی نەتەوەکان بۆ ئازادی و سەربەخۆیی». لە پۆڵەندا «مافی ناوخۆی نەتەوەکان» بۆ ئازادی، فۆڕمۆلای کلاسیکی هەموو ناسیۆنالیستەکان بووە، جا هەر لە پارتی سۆشیال دیمۆکراتیکەوە بگرە تا (لایەنی) پۆبودکای لیمانۆفسکی[7] و لە لایەنی ناسیۆناڵ سۆشیالیستیی پۆبودکاشەوە تا «یەکێتیی نەتەوەیی دژەسۆشیالیست»،[8] (هەڵبەت بەر لەوەی لە بەرنامەی سەربەخۆییەکەی چاوپۆشی بکات). هەروەها بڕیارنامەیەک لە سەر «مافی یەکسان بۆ هەموو

[7] Limanowsli's Pobudka
[8] Anti-Socialist National League

نەتەوەکان» بۆ ئازادی تەنیا بەرهەمی بەرچاوی کۆنگرەی بەناوبانگی پان‌اسلاڤی (شاری) پراگ بوو کە لە ساڵی ١٨٤٨دا لە لایەن نێزەلەدەستانی پان‌اسلاڤیکی ویندیشگراتز windischgraetz ـەوە تێکشکێندرا. لە لایەکی ترەوە، بە پێچەوانەی بنەمای «مافی نەتەوەکان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان» کە بە ڕوونی دەکرێت نەک هەر بۆ ئەو هاووڵاتییانەی لە ناو ڕووسیا دان بەڵکوو بۆ هەموو ئەو نەتەوانەی کە لە وڵاتانی ئەڵمانیا، نەمسا، سویس و سوید و هەروەها ئەمەریکاشدا دەژین، بەکار بێنرێت، گشتگیربوون و بەرینیی ئەو ڕوانگەیە، زۆر سەیرە کە لە هیچ کام لە بەرنامەکانی پارتە سۆشیالیستەکانی ئەمڕۆییدا بوونی نەماوە. ئەو بنەمایە تەنانەت بە بەرنامەی سۆشیال دیموکراسیی نەمساشەوە زێدە نەکراوە، هەرچەند وڵاتێکی یەکجار لە بواری جەماوەرییەوە تێکەڵاوە و پرسی نەتەوەگەری لەوێ یەکجار گرینگە.

پارتی نەمسایی، پرسی نەتەوایەتی تەنیا لە ڕێگای پلانێک کە بە جوانی پێناسە کراوە، چارەسەر دەکرد، نەک بە فۆرمۆلایەکی مێتافیزیکی کە دیاریکردنی چارەنووسی پرسی نەتەوایەتی بۆ ئارەزووی دڵی خۆی نەتەوەکان دەهێڵێتەوە. سۆشیال دیموکراسیی نەمسایی خوازیاری لەناوبردنی چوارچێوەی هەنووکەیی دەوڵەتە کە کۆکراوەیەکە لەو «دەوڵەتە پاشایەتی و شازادەییەکان[9]»ە کە لە درێژەی سەدەکانی ناوەڕاستدا لە لایەن سیاسەتەکانی زنجیرەپاشایەتیی هاپسبورگەکان[10]ەوە پێکەوە لکێندراون و نەتەوەگەلێکی جۆراوجۆر لە خۆ دەگرێت کە لە بواری هەرێمییەوە وەک

---

[9] Kingdom and Princely States

[10] Hapsburgs

چێشتی مجێور تێکەڵاون. پارتەکە زیاتر دەیەوێت ئەو پاشایەتی و دەوڵەتانە، وەک چەند هەرێمی جیاواز لە سەر بنەمای نەتەوە، دابەش بکرێن و ئەو هەرێمە نەتەوەییانەش وەک دەوڵەتێکی یەکگرتوو ڕێک بخرێن. بەڵام چونکە ئەو نەتەوانە تا ڕادەیەک لە هەموو ناوچەکانی وڵاتی نەمسادا بە شێوەی تێکەڵ و پێکەڵ بڵاو بوونەتەوە، بەرنامەی سۆشیال دیموکراسی یاسایەکی تایبەت بۆ پاراستنی کەمینەکانی ناو ئەو هەرێمە نەتەوەییانە کە تازە دامەزرێنراون، دابین دەکات.

لەو پلانەدا هەموو کەس بۆی هەیە بیروڕایەکی جیاوازی هەبێت. کارل کائوتسکی کە یەکێکە لە زاناترین کارناسانی دۆخی نەمسا و یەکێکە لە باوکانی ڕۆحیی سۆشیال دیموکراسی لەو وڵاتەدا، لە دوایین نامیلکەی خۆیدا بە **ناوی ناسیۆناڵیتی و ئەنتەرناسیۆنالیزم**، ڕوونی دەکاتەوە پلانێکی ئاوا، تەنانەت ئەگەر بکرێتە یاساش (و بەڕێوەش بچێت)، بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت کێشە و پێکهەڵپڕژانی نێوان نەتەوایەتییەکان بەتەواوی لە ناو بەرێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەش ئەو یاسایە نیشاندەری هەوڵ تێکۆشانی پرۆلیتاریایە بۆ دابینکردنی چارەسەرێکی کردەیی ئەو کێشانە. بە هۆی گرینگیی پرسی نەتەوایەتی لە نەمسادا، لێرەدا وتەکە بەتەواویی دەیگێڕینەوە.

بەرنامەی نەتەوەیی پارتی نەمسا کە لەساڵی ١٨٩٩ لە لایەن کۆنگرەی بروون[11]ەوە پەسند کرا، دەڵێت:

بە هۆی ئەوەی تێکهەڵچوونی نەتەوەیی لە نەمسادا بۆتە ئاستەنگی سەر ڕێی هەموو پێشکەوتنی سیاسی و گەشەی فەرهەنگیی نەتەوەکان،

[11] Brunn

چونکە ئەو تێکهەڵچوونانە بەر لە هەموو شتێک بەرهەمی دواکەوتوویی دامەزراوە گشتییەکانن[12]، هەروەها لەبەر ئەوەی وەدواخستنی ئەو تێکهەڵچوونانە، یەکێک لەو ئامرازانەیە کە چینە دەسەڵاتدارەکان لەڕێی ئەوەوە زاڵبوونی خۆیان بچەسپێنن و هەر بەرنووسێکی یاسایی کە بەرژەوەندیی ڕاستەقینەی خەڵکی تێدا ببێت پێشی بگرن، کۆنگرە ڕایدەگەیێنێت کە:

چارەسەریی کۆتایی پرسی نەتەوایەتی و زمان لە نەمسادا لە کەشی یەکسانیی و عەقڵانییەتدا، بەر لە هەموو شتێک خواستێکی فەرهەنگییە و هەر بۆیەش یەکێکە لە بەرژەوەندییە هەرە گرینگەکانی پرۆلیتاریا.

ڕەنگە تەنیا لە ژێر سێبەری ڕژیمێکی دیمۆکراتیکیی ڕاستەقینەدا کە لە سەر بنەمای هەڵبژاردنی گشتی، یەکسان و ڕاستەوخۆیە، ئەگەری ئەو کارە ببێت؛ ڕژیمێک کە لەودا ڕەگ و ڕیشەی هەموو مافگەلی تایبەتی فیۆدالەکان[13] لە دەوڵەتیش و میرنشینەکانیشدا،[14] هەڵکەندرابێت. تەنیا لە سای ڕژیمێکی ئاوا دایە کە چینە کرێکارەکان، واتە ئەو بنچینانەی کە پشتیوانیی دەوڵەت و کۆمەڵگا دەکەن، دەتوانن داخوازەکانی خۆیان بدرکێنن.

پەروەردەکردن و پەرەپێدانی تایبەتمەندییە نەتەوەییەکانی هەموو خەڵک لە نەمسادا، تەنیا لە سەر بنەمای مافگەلی یەکسان و لەناوبردنی زوڵموزۆرەوە جێبەجێ دەکرێت. هەربۆیەش دەبێ

[12] Public Institutions
[13] Feudal Privileges
[14] Principalities

بەرەنگاری ناوەندگەرێتیی بوڕوکڕاتیک ـ دەوڵەتی و مافە تایبەتەکانی میرنشینەکان ببینەوە.

تەنیا لە هەلومەرجێکی ئاوا دایە کە دەکرێت، لە جێی شەڕ و پێکهەڵپڕژان، هاوئاهەنگیی لە نێوان نەتەوەکانی نەمسادا ساز بدرێت و ـ ئەگەر بمانەوێت ناویان بەرین ـ دەبێت بڵێین لە ڕێی چەسپاندنی ئەو بنەما ڕێنوێنییانەی خوارەوەدایە کە جێبەجێ دەبێت:

وڵاتی نەمسا دەبێت بگۆڕدرێت و بکرێتە فێدێراسیۆنێکی دێمۆکڕاتیک لە نەتەوەکان Nationalitatenbundesstaat. دەبێ سەرزەوینە پاشایەتییە مێژووییەکانی خاوەن تاج و تەخت جێی خۆیان بدەن بە هەرێمگەلێکی خۆبەڕێوەبەر کە لە بواری نەتەوەییەوە هاوڕەگەزن و یاسادانان؛ بەڕێوەبردنیان بەدەست ئەنجومەنی نەتەوەیی خۆیان ببێت کە بە پێی مافی دەنگدانێکی ڕاستەوخۆ، یەکسان و گشتییەوە هەڵدەبژێردرێن.

هەموو ئەو ناوچە خۆبەڕێوەبەرانەی لە یەک نەتەوەی هاوشێوە پێک هاتوون دەبێ بە یەکەوە یەکێتییەکی نەتەوەیی جیاواز و تایبەت دروست بکەن کە بە شێوەی سەربەخۆ کاروباری خۆی بەڕێوە دەبات. (واتا، لە بواری زمان و فەرهەنگەوە، بە پێی ئەو ڕوونکردنەوەیەی لە نووسراوەی ڕێبەرایەتیی پارتەوە خراوەتە ڕوو).

یاسایەکی تایبەت دەبێ لە لایەن پەرلەمانەوە پەسند بکرێت بۆ ئەوەی مافی نەتەوەیی کەمینەکان بپارێزرێت.

ئێمە هیچ مافێکی تایبەتی جیاوازی نەتەوەیی بەفەرمی ناناسین؛ هەر بۆیەش خواستی (یەک) زمانی فەرمیی دەوڵەتیی ڕەد دەکەینەوە. هەر جێیەک زمانی هاوبەش پێویست بێت پەرلەمانی فیدێراڵ دەتوانێ بڕیار بدا.

کۆنگرەی پارت وەک ئۆرگانی دیموکراسیی نێونەتەوەیی لە نەمسادا، بڕوای وایە کە دەکرێ خەڵک لە سەر بنەمای ئەو پرەنسیپانە لە یەکتر تێ بگەن.

ئەو بابەتە زۆر بەتۆکمەیی ڕایدەگەیێنێ کە مافی هەموو نەتەوەکان بۆ هەبوونی نەتەوەیی و گەشەکردنی نەتەوەیی بە فەرمی دەناسێت.

خەڵک دەتوانن فەرهەنگی خۆیان تەنیا لە یەکگرتویی نزیک پێکەوە گەشە پێ بدەن نەک لە شەڕەقسەی هیچوپووچدا؛ بە تایبەت چینی کرێکاری هەموو نەتەوەکان دەبێ، هەم بۆ بەرژەوەندیی تاکیی نەتەوەکان و هەم بەرژەوەندیی گشتی، لە ململانێی خۆیاندا هاوکاریی نێونەتەوەیی و برایەتی ڕەچاو بکەن و دەبێ خەباتی سیاسی و ئابووریی خۆیان وەک ڕیزێکی یەکگرتووی نزیک، دەس پێ بکەن.

لە ناو هەموو ڕیزەکانی سۆشیالیزمی نێونەتەوەییدا، پارتی کرێکارانی ڕووسیا، تەنیا پارتێکە کە بەرنامەکەی هەڵگری ئەو داخوازەیە کە دەڵێ « مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆ دەبێ بدرێ بە (هەموو) نەتەوەکان».

ئێمە جیا لە سۆشیال دیموکراسیی ڕووسیا، ئەو فۆرمۆلە تەنیا لە بەرنامەی شۆڕشگێڕیی کۆمەڵایەتیی ڕووسیادا دەدۆزینەوە، کە بە هاوئاهەنگی لەگەڵ

پڕەنسیپەکانی فیدێڕالیزمی دەوڵەتی دەڕواتە پێش. بەشی پێوەندیدار لەگەڵ ڕاگەیاندنی سیاسیی پارتی شۆڕشگێڕیی سۆسیال، دەڵێ «دەکرێت پڕەنسیپی فیدێڕالیزم لە پێوەندییەکانی نێوان نەتەوایەتییە جیاوازەکاندا بە گشتی بەکار بێنرێت» و لە سەر «بەفەرمیناسینی مافی بێسنووری ئەوان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆ» پێداگری دەکات.

ڕاستە کە ئەو فۆڕمۆلەی سەرەوە لە پێوەندییەکی تر لەگەڵ سۆشیالیزمی نێونەتەوەییشدا بوونی هەیە: واتا بەجۆرێکی تر وتنەوەی بەشێکی بڕیارنامەکەیە سەبارەت بە کێشەی نەتەوایەتی، کە لەساڵی ۱۸۹٦دا لە لایەن کۆنگرەی سۆشیالیستیی نێونەتەوەیی لە شاری لەندەن پەسند کرا. بەڵام ئەو هەلومەرجانەی بوونە هۆی پەسندکردنی ئەو بڕیارنامەیە، هەروەها ئەو جۆرەی کە بڕیارنامەکە داڕێژرا، بە ڕوونی نیشانی دەدا کە ئەگەر بڕگەی ژمارە نۆی بەرنامەکەی پارتی ڕووسیا، وەک بەکارهێنانی بڕیارنامەی لەندەن دانرێ، بە هەڵە لە بنەماکەی تێ گەیشتووین.

بڕیارنامەی لەندەن، نە بە هیچ شێوەیەک ئەنجامی مەبەست یان پێویستیی بۆ ڕادەربڕین بە گشتی سەبارەت بە پرسی نەتەوایەتی لە کۆنگرەیەکی نێونەتەوەییە و نە لە لایەن کۆنگرەوە بۆ *چارەسەریی(و بڕیاری) کردەیی ئەو پرسە* لە لایەن پارتەکانی کرێکاری لە وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا، وەک فۆڕمۆلێک خراوەتە ڕوو و پەسند کراوە. لەڕاستیدا ڕێک پێچەوانەی ئەو قسەیە دروستە. بڕیارنامەکەی لەندەن لە سەر بنەمای داواکارییەک پەسند کرا کە لە لایەن سۆسیال نیشتمانپەروەری بزووتنەوەی پۆڵەندی، یان پارتی سۆشیالیستی پۆڵەندا PPS[15] خرایە ڕوو، داواکارییەک کە دەیویست

[15] Polish Socialist Party

سازکردنەوەی پۆڵەندای سەربەخۆ وەک یەکێک لە خێراترین و گرنگترین خواستەکانی سۆشیالیزمی نێونەتەوەیی بناسرێت. لەژێر کارتێکەریی ڕەخنەیەک کە لە کۆنگرە لە لایەن سۆشیال دیموکراسیی پۆڵەندیی و قسەوباس سەبارەت بەوە لە چاپەمەنییەکانی سۆشیالیستی، هەروەها لەلایەن یەکەم خۆپیشاندانی جەماوەریی بزوتنەوەی کرێکاریی ڕووسیا بۆ بیرەوەریی مانگرتنی چل هەزار کرێکاری پیشەسازی (پارچە)چنین لە مانگی مەی ساڵی ١٨٩٦ دا لە شاری پیتێرزبورگ، خرایە ڕوو، کۆنگرەی نێونەتەوەیی ئەو داواکارییەی پۆڵەندی ڕەچاو نەکرد کە لە بەڵگەهێنانەوە و تایبەتمەندیی گشتیی خۆیدا، دژی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی ڕووسیا بوو. بەڵکوو ئەو بڕیارنامەیەی لەندەنی پەسند کرد کە هەر ئێستا باسی کرا و نیشاندەری ڕەتکرنەوەی خواستی دووبارەسازکردنەوەی پۆڵەندایە.

بڕیارنامەکە دەڵێت کۆنگرە خۆی وەک لایەنگری مافی تەواوی هەموو نەتەوەکان بۆ دیاریکردنی چارەنووس ڕادەگەیێنێت و هاودەردیی خۆی لەگەڵ کرێکارانی هەموو ئەو وڵاتانەی کە ئێستا لە ژێر ستەمی سەربازی، نەتەوەیی یان هەرجۆرە ستەمێکی تردا دەژین، دەردەخات؛ کۆنگرە بانگهێشتی کرێکارانی هەموو ئەو وڵاتانە دەکات کە بکەونە ڕیزی کرێکارانی بەئاگالەچینایەتیی[16] هەموو دونیا، بۆ ئەوەی بە یەکەوە بۆ تێکشکاندنی سەرمایەداریی ئینتەرناسیۆنال و گەیشتن بە ئامانجەکانی سۆشیال دێمۆکراسیی ئینتەرناسیۆنال خەبات و تێکۆشان بکەن.

بڕیارنامەی لەندەن هەر وەک دەتوانین ببینین، لە ناوەڕۆکیدا، بە جێی ئەوەی پرسی پۆڵەندا بە شێوەیەکی تایبەت و جیاواز لە بەرچاو بگرێ، بە

---

[16] Class-Conscious

شێوەیەکی گشتی بۆ هەموو نەتەوە ستەملێکراوەکان چاوی لێ دەکات؛ بنەمای نەتەوەیی پرسەکە ڕادەگوێزێتە سەر بنەمایەکی نێونەتەوەیی و بە جێی خواستێکی پێناسەکراوی تەواوهەستەکی ـ هەر وەک چۆن بزووتنەوەی ppsیش داخوازی سازکردنەوەی پۆڵەندای سەربەخۆ بوو ـ بڕیارنامەکە پرەنسیپێکی سۆشیالیستیی گشتی ڕادەگەیێنێت کە ئەویش هاودەردی لەگەڵ پرۆلیتاریای هەموو نەتەوە ستەملێکراوەکانە و بەفەرمیناسینی *مافی* ئەوان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان. هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە ئەو پرەنسیپە لە لایەن کۆنگرەوە دانەڕشترا بۆ ئەوەی چارەسەرێکی کردەیی بۆ کێشەی نەتەوەیی ئاراستەی بزوتنەوەی کرێکاریی ئینتەرناسیۆنال بکات. بە پێچەوانە، چوارچێوەی ڕێنمایی کردەیی بۆ سیاسەتی سۆشیالیستی نەک لە بەشی یەکەمی بڕیارنامەی لەندەن کە لە سەرەوە باسی کرا، بەڵکوو لە بەشی دووهەمدا هاتووە کە «بانگەواز دەکا لە کرێکارانی هەموو ئەو وڵاتانەی لە ژێر ستەمی نەتەوەیی دان، بێنە ناو ڕیزی سۆشیال دیموکراسیی ئینتەرناسیۆنالەوە و تێبکۆشن بە پرەنسیپەکان و ئامانجەکانی بگەن». ئەوە ڕێگەیەکی ئاشکرایە بۆ پێداگریکردن لە سەر ئەوەی ئەو پرەنسیپەی لە بەشی یەکەمدا داڕشتراوە  کە دەڵێ مافی نەتەوەکان بۆ دیاریکردنی چارەنووس تەنیا بە یەک شێوە دەتوانێ کردەیی بکرێت، ئەویش ئەوەیە کە: سەرەتا لە پرەنسیپەکانی سۆشیالیزمی ئینتەرناسیۆنال تێ بگەین و دوای ئەویش هەموو ئامانجە کۆتاییەکانی دەستەبەر بکرێت.

لەڕاستیدا هیچ کام لە پارتە سۆشیالیستییەکان بڕیارنامەی لەندەنیان وەک ڕێگەچارەیەکی کردەیی بۆ پرسی نەتەوایەتی پەسند نەکرد و نەیان خستە ناو بەرنامەکانیانەوە. تەنانەت (پارتی) سۆشیال دیموکراسیی نەمساش کە ئەو ڕێگەچارەیە بۆ کێشەی نەتەوەیی، پرسی بنەڕەتی خودی

بوون و مانی ئەوان بوو، ئەو کارەیان نەکرد؛ بەڵکوو لە ساڵی ١٨٩٩دا خۆیان بە شێوەی سەربەخۆ ئەو «بەرنامە نەتەوایەتییە» کردەییەیان ـ کە لە سەرەوە باس کرا ـ دارِشت. ئەوەی کە لە هەموو شتێک سەرنجڕاکێشترە ئەوەیە کە تەنانەت PPS یش وای نەکرد، چونکە بە پێچەوانەی ئەو هەوڵانەی کە دەیدا بۆ ئەوەی ئەو چیرۆکە خەیاڵییە بڵاوکاتەوە وا دەڵێ بڕیارنامەی لەندەن فۆرمۆلێک بوو لە «گەوهەری»[17] سۆشیاڵیزمدا، ئاشکرابوو مەبەستی ئەو بڕیارنامەیە ڕەتکردنەوەی جووڵانەوەی ئەو بۆ سازکردنەوەی پۆڵەندایە، یان لانی کەم کورتکردنەوەی ئەو بۆ فۆرمۆلێکی گشتی بە بێ هیچ تایبەتمەندییەکی کردەیی. حەقیقەت ئەوەیە کە بەرنامەگەلی سیاسیی پارتە کرێکارییەکانی نوێ، مەبەستیان ئەوە نییە هەندێک پرەنسیپی زەینی abstract سەبارەت بە ئایدیالێکی کۆمەڵایەتی بخەنە ڕوو، بەڵکوو تەنیا مەبەستیان فۆرمۆلەکردنی ئەو چاکسازییە سیاسی و کۆمەڵایەتییە کردەییانەیە کە پرۆلیتاریای بەئاگالەچینایەتیی[18] لە چوارچێوەی کۆمەڵگای بۆرژوایدا، پێویستیەتی و دەیەوێ بۆ ئەوەی ململانێی چینایەتی و سەرکەوتنی کۆتایی هاسانتر بکات. بنچینەکانی بەرنامەیەکی سیاسیی، بە ڕەچاوکردنی ئامانجگەلێکی پێناسەکراو فۆرمۆلە دەکرێن، وەک: ئامادەکردنی ڕێگەچارەیەکی ڕاستەوخۆ، کردەیی و گونجاو بۆ کێشەگەلی زۆر گرینگی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە لە گۆڕەپانی ململانێی چینایەتیی پرۆلیتاریادا هەن؛ وەک ڕێنوێنێک بێت بۆ سیاسەتی ڕۆژانە و پێداویستییەکانی؛ دەسپێکێک بێت بۆ کردەی سیاسیی پارتی کرێکاران و

[17] The Spirit
[18] Class-conscious Proletariat

بەرەو ئاراستەی دروست ڕێبەری بکات و لەکۆتاییشدا، سیاسەتی شۆڕشگێڕیی پرۆلیتاریا لە سیاسەتی پارتە بورژوا و وردەبورژواکان جیا کاتەوە.

فۆڕمۆلی «مافی نەتەوەکان بۆ دیاریکردنی چارەنووس» بێگومان ئەو تایبەتمەندییانەی نییە. هیچ هێڵێکی ڕێنوێنیی کردەیی بۆ سیاسەتی ڕۆژ بە ڕۆژی پرۆلیتاریا نادا بە دەستەوە و هیچ چارەسەرێکی کردەیی بۆ کێشەگەلی نەتەوەیی ناخاتە ڕوو. بۆ نموونە ئەو فۆڕمۆلە ئاماژە بەوە ناکات کە پرۆلیتاریای ڕووسیا لە چ ڕێگەیەکەوە دەبێ بۆ کێشەی نەتەوەی پۆڵەندا، پرسی فەنلاندییەکان، پرسی قەفقازییەکان، پرسی جووەکان و ... چارەسەرێک بدۆزێتەوە. بەڵکوو تەنیا پێشنیاری دەسەڵاتی بێسنوور دەکات بۆ هەموو ئەو«نەتەوانە» وا حەز دەکەن کێشەگەلی نەتەوەیی خۆیان، هەر جۆرێک کە پێیان خۆشە، چارەسەری بکەن. تەنیا ئەنجامی کردەیی بۆ سیاسەتی ڕۆژانەی چینی کرێکار کە لەو فۆڕمۆلەی سەرەوە هەڵدەکرێنرێ ئەوەیە کە ڕێنوێنییان دەکات ئەرکی ئەو چینەیە دژی هەر جۆرە ستەمێکی نەتەوەیی خەبات بکەن. ئەگەر مافی هەموو نەتەوەکان بۆ دیاریکردنی چارەنووس بەفەرمی بناسین، بێگومان ئەنجامی مەنتقییەکەی ئەوەیە کە دەبێ هەر چەشنە هەوڵێک بۆ زاڵکردنی هەر نەتەوەیەک بەسەر ئەوانی تر، یان خۆداسەپاندنی هەر نەتەوەیەک بەسەر ئەوانی تردا، ئیدانە بکەین. ئەرکی پارتی چینی پرۆلیتاریا لە بەرەنگاربوونەوە و خۆڕاگری لە هەمبەر ستەمی نەتەوەیی، لە هیچ «مافێکی تایبەتیی نەتەوەکان» سەرچاوە ناگرێت، هەر وەک چۆن بۆ نموونە هەوڵی ئەو پارتە بۆ یەکسانیی سیاسی و کۆمەڵایەتیی جنسەکانیش بە هیچ شێوەیەک ئەنجامی «مافەکانی تایبەتیی ژنان» نییە کە ڕزگاریخوازانی بزوتنەوەی بورژوازی بۆو ئامانجە ئاماژەی پێ دەکەن. ئەو ئەرکە تەنیا لە بەرەنگاربوونەوەی گشتی لە هەمبەر ڕژیمی

چینایەتیی و هەر شێوەیەک لە نابەرامبەریی و خۆداسەپاندنی کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوە دەگرێ، واتە لە هەڵوێستی بنەڕەتیی سۆشیاڵیزمەوە هەڵدەقوڵێ. بەڵام جگە لەو خاڵە، تەنیا هێڵی ڕێنوێنی کە بۆ سیاسەتی کردەیی خراوەتە ڕوو لە تایبەتمەندییەکی نەرێنیی تۆخی ئەوەوە دێت. ئەرکی خۆڕاگری لە هەمبەر هەموو جۆرە ستەمێکی نەتەوەیی، هیچ ڕوونمان ناکاتەوە کە پرۆلیتاریای بەئاگالەچینایەتی لە ڕووسیادا هەنووکە دەبێ چ مەرجگەلێک و چوارچێوەگەلێکی سیاسی، وەک چارەسەر بۆ کێشەگەلی نەتەوەیی بۆ لاتڤیا، جووەکان و ... بخاتەڕوو، یان ئەوەی دەبێ چ بەرنامەیەک دەر بکات بۆ ئەوەی لەگەڵ بەرنامەی بورژواکان، ناسیۆنالیستەکان و ئەو پارتانەی لایەنگری سۆشالیزمن لە دۆخی ململانێی چینایەتیی ئێستادا ڕێک بکەوێت. واتا فۆڕمۆلی «مافی نەتەوەکان بۆ دیاریکردنی چارەنووس» لە گەوهەردا هێڵێکی ڕێنوێنیی سیاسی و پرۆبلێماتیک بۆ پرسی نەتەوەیی نییە ، بەڵکوو تەنیا ئامرازێکە بۆ خۆبواردن لەو پرسە.

## II

تایبەتمەندیی گشتی و کلێشەیی خاڵی نۆیەمی بەرنامەکەی پارتی کرێکاریی دیمۆکراتیکی ڕووسیا دەری دەخات کە چارەسەرکردنی ئەو پرسە (پرسی نەتەوەیی) بەو شێوەیە، بۆ هەڵوێستی سۆشیاڵیزمی مارکس، نامۆیە. شتێکی وەک «مافی نەتەوەکان» بۆ هەموو وڵاتەکان، لە هەموو کاتێکدا، تەنیا کلێشەیەکی مێتافیزیکیی ترە هەر وەک «مافی مرۆڤ» یان «مافی شارووەمەند». ماتریالیزمی دیالێکتیک کە بنەمای سۆشیاڵیزمی زانستییە،

جارێک و بۆ هەمیشە دەستی لەو جۆرە فۆڕمۆلە «هەتاهەتاییانە»[19] شتووەتەوە. چونکە ماتریالیزمی مێژوویی دەری خستووە کە نە هیچ حەقیقەتێکی «هەتاهەتایی» هەیە و نە هیچ «ماف»ێکی ئاواش. ... بە وتەی ئەنگلس«شتێک کە لە ئێرە و ئێستادا چاکە، لە جێیەکی تردا خراپە، یان بە پێچەوانە» ـ یان شتێک کە لە هەندێک هەلومەرجدا دروست و عەقلانییە لە هەلومەرجی تردا پووچ و ناعەقلانی دەبێت. ماتریالیزمی مێژوویی فێری کردووین مانای ڕاستەقینەی ئەو حەقیقەت، ماف یان فۆڕمۆلە «هەتاهەتاییانە»، تەنیا لە لایەن هەلومەرجی مادیکۆمەڵایەتی ژینگەی هاوێری بابەتەکان لە سەردەمێکی مێژوویی تایبەتدا دیاری دەکرێن.

بەو پێیە سۆشیاڵیزمی زانستی پێداچوونەوەی کردووە بە سەر هەموو خەزێنەی ئەو کلێشە دێمۆکراتیک و مێتافیزیکە ئایدیۆلجیکانەی کە لە بورژوازییەوە بە میرات پێی گەیشتووە. کەوابوو سۆشیال دیموکراسیی ئەمڕۆیی لە مێژە چیتر بابەتگەلێکی وەک «دیموکراسی»، «ئازادیی نەتەوەیی»، «یەکسانی» و وتەی جوانی تری ئاوا، وەک حەقیقەت و مافگەلێکی هەتاهەتایی نابینێت کە لە پێشینیانەوە بە نەتەوە و سەردەمێکی تایبەت بە میرات گەیشتبێت. بە پێچەوانە، مارکسیزم لەگەڵ ئەو بابەتانە تەنیا وەک درکاندنی هەلومەرجگەلی مێژوویی ناسراوی تایبەت هەڵسوکەوت دەکات، واتا بابەتگەلێک کە لە بواری ناوەرۆکی مادی خۆیان و ئەنجا بایەخی سیاسییانەوە، هەمیشە لە حاڵی گۆڕان دان و ئەو بەردەوامگۆڕانە، *تەنیا* حەقیقەتی «هەتاهەتایی» ئەوانە.

[19] Eternal

کاتێک ناپۆلیۆن و زۆردارانی سەرەڕۆی وەک ئەو، بۆ مەبەستی حکوومەتی سزاری، باڵاترین شێوەی دیموکراسیی سیاسی، واتا گشتپرسی بە کار دێنن و کەڵک لە نەزانیی سیاسی و ژێردەستیی ئابووریی جەماوەرەکان وەردەگرن، هیچ گومانێکمان نامێنێت کە پڕ بە دڵ دژی ئەو «دیموکراسییە» بوەستین و بۆ وچانێک ئەو گەورەیی و بەتواناییەی خەڵک وەلا نێین کە بۆ مێتافیزیکناسانی دیموکراسیی بوورژوازی، وەک بوتێکی پیرۆزی لێ هاتووە.

کاتێک ئەڵمانیاییەکی وەک تاسێندۆرف[20] یان جەندەرمەیەکی تزاریست[21]، یان ناسیۆنال دێموکراتێکی «ڕاستەقینەی پۆڵەندی[22]» لایەنگری لە «ئازادیی تاکەکەسیی» مانشکێنەکان[23] دەکات و لە هەمبەر گوشاری مادی و مۆراڵی کرێکارانی ڕێکخراو، پشتیوانیان لێ دەکات، تەنانەت بۆ چرکەیەکیش دڕدۆنگ نابین کە لایەنگری لەوەی دواتریان (کرێکاران) بکەین و مافی مێژوویی و مۆراڵی تەواویان بدەینێ بۆ ئەوەی نەیارە تاریکبیرەکانیان ناچار بکەن لەگەڵیان ڕێک بکەون، ئەگەر چی لە ڕوانگەی لیبێڕالیزمی فەرمییەوە، ئەوانەی «دەیانەوێ کار بکەن» خۆیان خاوەنی مافی «تاکێکی ئازادن» کە هەر کارێک پێیان خۆشە، چ پاساوهەڵگر بێت چ نەبێت، بیکەن.

دوای ئەوانەش، هاوکات لەگەڵ ئەوەی لیبێڕالەکانی مەکتەبی مەنچێستێر دەیانەوێت لە کرێکاران گەڕێین تا لە ژێر ناوی «یەکسانیی هاووڵاتییان»، خۆیان لە ململانێ لەگەڵ سەرمایەدا چارەنووسی خۆیان

[20] Tassendorf
[21] Tsarist Genarme
[22] Truly Polish
[23] Strikebreakers

دیاری بکەن، ئێمە پۆشش لە سەر ئەو کلێشە مێتافیزیکییەی وا زەقترین نایەکسانی دادەپۆشێ، لادەدەین و بە ڕاشکاوی خوازیاری پشتیوانیی یاسایی لە چینی کرێکارین و بەو شێوەیە دەمانەوێ «یەکسانبوونی فەرمی لە هەمبەر یاسا» تێک بچێت.

ئەگەر بەو شێوەیە لە ڕوانگەی سۆشیالیزمی زانستی هەڵی سەنگێنین، پرسی نەتەوایەتیش ناکرێ جیا لە پرسگەلی سیاسی، کۆمەڵایەتی یان مۆڕاڵ بێت. ئەویش بە کلێشەیەکی خەیاڵی چارەسەر ناکرێت، تەنانەت ئەگەر فۆڕمۆلێکی بە ڕواڵەت ڕێکوپێکی وەک «مافی هەموو نەتەوەکان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆ»ش بێت. چونکە ئەو فۆڕمۆلەش یان هیچ شتێک نادرکێنێ، چونکە کۆوشەیەکی پووچ و ناکردەییە، یان ئەوەی ئەرکی بێمەرجی سۆشیالیستەکان بۆ پشتیوانی لە ئاواتە نەتەوەییەکان ڕادەگەیێنێ، کە لە هەر دوو حاڵدا بەتەواوی هەڵەیە.

بە پێی بنەما گشتییەکانی ماتریالیزمی مێژوویی، هەڵوێستی سۆشیالیستەکان لە هەمبەر کێشەگەلی نەتەوەیی، بەر لە هەموو شتێک بەسراوەتەوە بە دۆخی هەستەکیی هەر کام لەوان (نەتەوەکان)، کە تا ڕادەیەکی زۆر لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر و لە هەر وڵاتێکیشدا لە چاخێکیەوە بۆ چاخێکی تر جیاواز دەبێت و دەگۆڕێت. تەنانەت زانستێکی سەرسەری سەبارەت بە فاکتەکان ئەو توانایەمان پێ دەبەخشێت کە بزانین کێشەی ململانێی نەتەوایەتی لە چاخی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانییەکان لە ناوچەی باڵکاندا لەچاو ململانێی ئیرلەندییەکان دژی دەسەڵاتی بەریتانیا، ڕواڵەتێکی بەتەواوی جیاواز، بنەمایەکی ئابووریی و مێژوویی جیاواز، ڕادەی گرینگیی نێونەتەوەیی جیاواز و ڕوانگەیەکی جیاوازیشی سەبارەت بە

داهاتوو هەبوو. هەر بەو شێوەیەش، تێکەڵاویی پێوەندییەکانی نێوان ئەو نەتەوانەی وڵاتی نەمسا پێک دێنن بە تەواوی لەو هەلومەرجانەی کاریگەرییان لە سەر پرسی پۆڵەندا هەیە، جیاوازە. دوای ئەوانەش پرسی نەتەوایەتی لە هەر وڵاتێک، تایبەتمەندیی خۆی بە تێپەڕینی کات دەگۆڕێ و ئەوە بەو مانایەیە کە سەبارەت بەوان دەبێ هەڵسەنگاندنی نوێ و جیاواز بکرێت. تەنانەت ئەو سێ بزووتنەوەیەی ئێمە کە لە سەردەمی سەرهەڵدانی کۆژیۆشکۆ[24]وە سەرچاوە دەگرێت، تەنیا لە چاوی مێتافیزیکییەکی ئایدیالۆجیای کاتۆلیکیی چینی باڵا،[25] وەک شویسکی،[26] کە پێی وابوو پۆڵەندا ئەرکێکی مێژوویی لە سەر شانە بۆ ئەوەی ببێتە «مەسیحی نەتەوەکان[27]»، یان لە چاوی گەمژەیەکی «قوتابخانەی» سۆسیال/نیشتمانپەروەری ئەمڕۆییدا[28]، دەکرێ وەک سێ دووپاتکرانەوەی بەرچاوی هەر یەک نمایشی مێژوویی سەیر کرێن (واتە نمایشی «ململانێی نەتەوەیەکی بندەست بۆ سەربەخۆیی»). هەر کەسێک قووڵتر و وردتر بچێتە ناخی بابەتەکەوە، وەک لێکۆڵەرێکی ماتریالیستی/مێژوویی، دەبینێت لە ژێر ڕواڵەتی ئەو سێ سەرهەڵدانە نەتەوەییە، سێ بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی_سیاسیی بەتەواوی جیاواز هەن کە لە هەر کامیاندا، تەنیا بە هۆی بارودۆخی دەرەکی، ڕواڵەتی خەباتێکی هاوشێوەیان لە هەمبەر هێرشهێنەرەکاندا بەخۆ گرتووە. ئەگەر بێنین سەرهەڵدانی کۆژیۆشکۆ و سەرهەڵدانەکانی مانگی نۆڤەمبێر و ژانوییەر بە یەک پێوانەی هاوشێوە ـ واتا یاساگەلی پیرۆزی «نەتەوەی

---

[24] Kosciuszko Insurrection
[25] A Metaphysician Of The Upper-class Catholic Ideology
[26] Szujski
[27] Christ Of Nations
[28] The Present-day social-patriotic "school"

بندەست» ـ هەڵسەنگێنین، لەڕاستیدا ئاشکرا دەبێت کە توانای هیچ دادوەرییەکمان نییە و بەتەواوی ناتوانین جیاوازیی مێژوویی و سیاسی لە یەکتر جیا بکەینەوە.

نموونەیەکی بەرچاو لەوەی کە چۆن جیاوازیی هەلومەرجی مێژوویی کاریگەریی لە سەر لێکدانەوە و هەڵوێستی سۆشیاڵیستەکان لە هەمبەر پرسی نەتەوایەتی هەیە، بە پرسی ڕۆژهەڵات[29] ناوی دەرکردووە. لە جەنگەی شەڕی کریمە[30] لە ساڵی ١٨٥٥دا هەموو دیموکراتەکان و سۆشیاڵیستەکانی ئەورووپی لەگەل تورکەکان هاودڵ بوون دژی ئەو سلاڤە باشوورییانە[31] وا بە دوای ئازادیی خۆیانەوە بوون. «مافی» هەموو نەتەوەکان بۆ ئازادی ڕێگر نەبوو لەوەی مارکس، ئەنگڵسو لایبکنێخت دژی سلاڤەکانی باڵکان بدوێن و پشتیوانیی تەواوی خۆیان لە یەکپارچەیی تورکەکان دەرببڕن. چونکە ئەوان بزووتنەوەی نەتەوەیی خەڵکی سلاڤی ژێر ئیمپڕاتۆریەتی تورکەکانیان لە ڕوانگەی فۆرمۆلە پڕسۆزە «هەتاهەتاییەکانی» لیبێڕالیزمەوە لێک نەدەداوە، بەڵکوو لە ڕوانگەی ئەو هەلومەرجە ماتریالیستییانەی وا *ناوەرۆکی* ئەو بزووتنەوە نەتەوەییانەی دیاری دەکرد و بە ڕەچاوکردنی چۆنیەتی ڕوانینی ئەوان لەو سەردەمەدا، هەڵیان دەسەنگاند. مارکس و ئەنگڵسبزووتنەوەی ئازادیخوازیی ئەو سلاڤە باشوورییانە کە لە بواری کۆمەڵاتیدا دواکەوتوو بوون، تەنیا وەک پیلانی حکوومەتی تزاریی ڕووسیا دەبینی کە هەوڵ دەدا تورکەکان ئازار بدا و بۆیە بە بێ هیچ بیرلێکردنەوەیەکی تر، پرسی ئازادیی نەتەوەیی سلاڤەکانیان خستە پلەی خوارتر لە بەرژەوندیی دیموکراسیی

[29] Eastern Question
[30] Crimean War
[31] South Slavs

ئەورووپی و پێداگرییان دەکرد لە سەر یەکپارچەیی تورکیا وەک لەمپەرێکی بەرگری دژی کارتێکەریی ڕووسیا. ئەو هەڵوێستە سیاسییە هەتا ئەو دواییانە و نیوەی دووەمی دەیەی ١٨٩٠ لە سۆشیال دیموکراسیی ئەڵمانیادا پەیڕەو دەکرا؛ واتە تا کاتێک کە ویلیام لایبکنیختی سەر بۆریش، بە بۆنەی خەباتی ئەرمەنییەکانی تورک، هێشتا هەر لەو هەوایەدا قسەی دەکرد. بەڵام ئەو کاتە هەڵوێستی ئەڵمانیا و سۆشیال دیموکراسی ئینتەرناسیۆناڵ سەبارەت بە پرسی ڕۆژهەڵات گۆڕابوو. سۆشیال دێمۆکراسی لە تورکیا، دەستی کرد بە پشتیوانی ئاشکرا لە ئاواتەکانی نەتەوە سەرکوتکراوەکان بۆ ئەوەی بوونی فەرهەنگیی جیاوازیان بدرکێنین و دەستی بەردا لە لایەنگری لە پاراستنی دەسکردی یەکپارچەیی وڵاتی تورکیا. ئەو هەڵوێستەی ئەمجاریان، نەک بە هەستی ئەمەگناسی لە هەمبەر ئەرمەنییەکان[32] و مەقدوونییەکان[33] وەک نەتەوەگەلی بندەست، بەڵکوو بە شیکردنەوەی بنەمای مادیی هەلومەرجی ڕۆژهەڵات لە نیوەی دووهەمی دوایین سەدە، ڕێنمایی دەکرا. بەو شیکارییە سۆشیال دێمۆکڕاتەکان پێمل بوون کە لێکهەڵوەشانەوەی تورکیا، ئاکامی گەشەکردنی ئابووری_سیاسیی ئەو وڵاتە، لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمە، و پاراستنی کاتیی تورکیا خزمەت دەکات بە بەرژەوەندییەکانی دیپلۆماسیی کۆنەپەرستانەی تەواوخوازیی سەرەڕۆیانە[34]ی ڕووسیا. لێرەدا سۆشیال دیموکراسی وەک هەموو پرسەکانی تر، دژی ڕەوتی گەشەکردنی ئۆبژێکتیڤ نەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەو و بە بۆنەی ئاکامی ئەوەوە، بە لایەنگریکردنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی ناو تورکیا، پشتگیری لە

---

[32] Ormians
[33] Macedonians
[34] Absolutism

بەرژەوەندییەکانی شارستانییەتی ئەورووپی دەکرد. هەروەها لەهەر چەشنە هەوڵێک بۆ نوێکردنەوە و چاکسازیی تورکیا لە ناوخۆدا، هەرچەند بنەمای کۆمەڵایەتییەکەشی بۆ بزووتنەوەیەکی ئاوا لاوازیش بووبێت، پشتیوانی دەربڕی.

بۆچوونی تەواو پێچەوانەی مارکس و ئەنگڵس لە هەمبەر خواست و هیوای نەتەوەیی خەڵکی چێکی و پۆڵەندیی هاوکات لەگەڵ شۆڕشی ساڵی ١٨٤٨، نموونەیەکی ترە هەر لەو بوارەدا،. هیچ گومانێکی تێدا نییە کە لە ڕوانگەی «مافی نەتەوەکان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆ»وە چێکییەکانیش بەقەت پۆڵەندییەکان، شایانی پشتیوانیی سۆشیاڵیست و دیمۆکراتەکانی ئەورووپی بوون. بەڵام مارکس هیچ گوێی بەو فۆڕمۆلە خەیاڵییە نەدا و وەک هەوری بەهار بەسەر ئاواتەکانی خەڵکی چێکی بۆ ئازادیدا شریخاندی؛ ئاواتگەلێک بە لای ئەوەوە ئاڵۆزکردنی زیانباری دۆخی شۆڕشگێڕی بوو و دەبوو هەر چی زیاتر ئیدانە بکرێن، چونکە بەلای مارکسەوە چێکییەکان نەتەوەیەکی لە حاڵی مەرگ دابوون و بەم زوانە لە ناو دەچوون. داهێنەرانی مانیفێستی کۆمۆنیست لە کاتێکدا ئەو بۆچوونەیان خستە ڕوو کە بە هەموو هێز و توانای خۆیان پشتیوانییان لە بزووتنەوەی ناسیۆناڵیستیی پۆڵەندییەکان دەکرد و بانگەوازیان لە هەموو هێزە شۆڕشگێڕ و پێشڕەوەکان دەکرد بێن یارمەتی نیشتمانپەروەران(پۆڵەندی) بدەن.

لە هەڵوێستی مارکس سەبارەت بە پرسەکانی چێکی و پۆڵەندیدا، بەڕوونی دیارە کە ئەو بە واقعبینییەکی عەقڵانی[35]، دوور لە هەموو سۆزگەرییەک[36]، کێشە نەتەوایەتییەکانی لە جەنگەی شۆڕشدا شرۆڤە دەکرد:

مارکس لە یەکێک لە وتارەکانیدا سەبارەت بە شۆڕش، لە مانگی فێبریوەری ساڵی ١٨٥٢ لە گۆڤاری ئەمەریکایی **دەیلی تریبیون**[37]، دەنووسێ:

دوای هێنانەئارای کوتوپڕی ئیدعای هەموو نەتەوە سەرکوتکراوەکان بۆ بوونی سەربەخۆ و مافی بەڕێوەبردنی کاروباری خۆ، زۆر ئاسایی بوو کە پۆڵەندییەکان دەسبەجێ خوازیاری گەڕاندنەوەی وڵاتی خۆیان بۆ سنوورەکانی کۆماری کۆنی پۆڵەندای پێش ساڵی ١٧٧٢بکەن. ڕاستە کە ئەو سنوورە تەنانەت هەر ئەوکاتیش تەواو لە ناو چووبوو و نەدەکرا وەک سنووری نێوان نەتەوەی ئەڵمانیا و پۆڵەندا دانێین؛ لەو کاتەوە ساڵ بە ساڵ ئەڵمانیا بەرەو پێش هاتبوو (سنوورەکەی تێپەڕاندبوو)، بەڵام ئەمجار وا بە تین و گوڕەوە هاواری گەڕاندنەوەی پۆڵەندیان دەکرد، کە دەبوو چاوەڕێ بکرێ وەک هەنگاوی یەکەم بۆ سەلماندنی ڕاستبوونی دڵسۆزییەکەیان، داوایان لێ بکرێ ئەو بەشەی وا *داگیریان* کردووە بیدەنەوە. لەلایەکی تریشەوە ئایا دەبوو هەموو ئەو بەشە سەرزەوینانەی کە زۆرتر ئەڵمانیاییەکان تێیدا دەژیان و ئەو شارە گەورانەی یەکسەر ئەڵمانیایی تێدابوو بە خەڵکێک بدرێتەوە کە هێشتا هیچ بەڵگەیەک نەبوو بتوانێ لە چاخی فێئۆدالیزم لە سەر بنەمای

[35] Sober Realism
[36] Sentimentalism
[37] Daily Tribune

سێرفایەتی کشتوکاڵی[38] تێپەڕێت؟ کێشەکە گەلێک ئاڵۆز بوو. تەنیا ڕێگەچارە، شەڕ دژی ڕووسیا بوو. پرسی دانانی سنوور لە نێوان دوو نەتەوەی شۆڕشگێڕیی جیاواز، کرابوو بە کێشەیەکی پلە دوو لە هەمبەر دامەزراندنی سنوورێکی هێمن لە بەرامبەر دوژمنێکی هاوبەشدا. پۆڵەندییەکان بە وەرگرتنی دەڤەرێکی بەرین لە لای ڕۆژهەڵاتەوە، لە بەری ڕۆژاوا بەتەواوی ڕام و ماقووڵ ببون؛ بە لای ئەوانەوە شارەکانی ڕیگا[39] و میلان[40] ڕێک بەقەت دانزیگ[41] و ئێڵبینگ[42] گرینگییان بۆ دادەنرا. هەر بۆیەش پارتی پێشکەوتووی ئەڵمانیا، کە پێی وابوو شەڕ لەگەڵ ڕووسیا بۆ بەدەسگرتنی جووڵانەوەی کیشوەری زۆر پێویستە و وای لێک دەداوە کە دامەزراندنەوەی نەتەوەیی تەنانەت لە بەشێکی پۆڵەنداش، بێگومان شەڕێکی ئاوا دێنێتە پێش، پشتیوانی لە پۆڵەندییەکان کرد؛ لە کاتێکدا پارتی چینی ناوەڕاستی دەسەڵاتدار، بەڕوونی پێشبینی دەکرد کە بە ڕوودانی هەرجۆرە شەڕێک لەگەڵ ڕووسیا دەسەڵاتەکەی تێکدەڕووخێ و ئەو کارە دەیتوانی پیاوانی زۆر چالاکتر و بەهێزتر بێنێتە کایەوە، بۆیە بە دەربڕینی سۆزێکی درۆیین بۆ پەرەپێدانی نەتەوایەتیی ئەڵمانیایی، بەشی پرووسیی پۆڵەندیان، کە پێگەی سەرەکیی بشێویسازکردنی شۆڕشگێڕانەی پۆڵەندی بوو، وەک بەشێک و بەستەیەک لە ئیمپڕاتۆریەتی ئەڵمانیایی کە دەبوو هەبێت، ڕاگەیاند.

---

[38] Agricultural Serfdom
[39] Riga
[40] Milan
[41] Danzig
[42] Elbing

مارکس سەبارەت بە پرسی چێکییەکانیش هەروا بە ڕوانگەیەکی واقعبینیی سیاسییەوە دەیڕوانی:

پرسی نەتەوایەتی بوو بە هۆی سەرهەڵدانی خەباتێکی تر لە بۆهێمیا[43]. لەو وڵاتەدا دوو ملوێن ئەڵمانیایی و سێ ملوێن سلاڤۆنیایی کە زمانیان چێکییە دەژین، پێکەوە خاوەنی بیرەوەریگەلێکی مێژوویی یەکجار زۆرن و تا ڕادەیەکی زۆر هەموویان پێوەندییان لەگەڵ دەسەڵاتی پێشووی چێکییەوە هەیە. بەڵام دواتر هێزی ئەو لقەی بنەماڵەی سلاڤۆنی کە لە کاتی شەڕەکانی هووسییەکان[44] لە سەدەی پازدەیەمەوە بوونی هەبوو، تێکشکا. ئەو پارێزگایەی وا بە زمانی چێکی دەدوان، دابەشکرا؛ یەکیان بوو بە پاشایەتیی بوهێمیەکان و ئەوی تریان بوو بە بەڕێوەبەرایەتیی مۆراڤیا[45]؛ بەشێکی سێهەمیشی بوو بە وڵاتی بەرزایی کارپاتیانی سلۆڤاکەکان[46] و کرا بە بەشێک لە وڵاتی هەنگاریا[47]. مۆراڤییەکان و سلۆڤاکەکان لە مێژ بوو هەموو نیشانەیەکی هەستی نەتەوایەتی و زیندوومانەوەیان نەمابوو ئەگەرچی بەشی هەرە زۆریان زمانەکەیان پاراستبوو. وڵاتی بۆهێمیا بە گشتی لە سێ لاوە بە وڵاتانی ئەڵمانیاییەوە گەمارۆ درابوو. توخمی ئەڵمانیایی لە چوارچێوەی ئەو وڵاتەدا تەواو تەشەنەی کردبوو، تەنانەت لە پێتەختەکەی ئەو کە شاری پڕاگ بوو ئەو دوو نەتەوەیە بەتەواوی تێکەڵاو ببوون؛ هەموو جێیەک لە ماڵ و سامانەوە بگرە تا بازرگانی، پیشەسازی و فەرهەنگی دەروونیش،

---

[43] Bohemia ناوچەیەکی مێژووییە لە ئەورووپای ناوەڕاست کە ئێستا بەشێکە لە وڵاتی کۆماری چێک
[44] Hussites
[45] Moravia
[46] The Carpathian Hill Country Of The Slovacs
[47] Hungary



ناوەندی کۆمۆن

هەموو بە دەست ئەڵمانیاییەکانەوە بوو. قارەمانی سەرەکیی نەتەوەی چێکی، پڕۆفێسۆر پالاکییە[48] کە خۆی زانایەکی خولیای ئەڵمانیایە و ئێستا تەنانەت ناتوانێ زمانی چێکی بە دروستی و بە بێ زاراوەی دەرەکییەوە قسە بکات. بەڵام هەر وەک زۆرجاران ڕوودەدات، مەرگی نەتەوەی چێکی ـ بە پێی هەموو ئەو فاکتانەی لە مێژووی چوارسەت ساڵی ڕابردوودا دیارە ـ لە ساڵی ١٨٤٨دا بوو بە هۆی دوایین هەوڵی ئەو بۆ بەدەس گرتنی دەسەڵاتی زیندووبوونی پێشووی خۆی، هەوڵێک کە شکستهێنانی ئەو، جیا لە هەموو لێکدانەوە شۆڕشگێڕییەکان، توانی بیسەلمێنێ بۆهێمیا تەنیا دەکرێ وەک بەشێک لە ئاڵمانیا بوونی هەبێت، هەرچەند بەشێک لە دانیشتوانی ئەوێ، هێشتا بۆ چەند سەدەیەکیش بێت، زمانی نائەڵمانیایی قسە بکەن.[1]

ئێمە ئەو دەقەی سەرەوەمان گێڕاوە تا پێداگری بکەین لە سەر ئەو *ڕەوشتانەی* وا مارکس و ئەنگڵس بۆ لێکدانەوەی پرسی نەتەوایەتی بەکاریان دێنا، ڕەوشتگەلێک کە کاری بە فۆڕمۆلە زەینییەکان نییە، بەڵکوو تەنیا دۆخی هەستەکیی هەر کام لە بابەتەکان بەجیا لە بەر چاو دەگرێ. ئەڵبەت ئەو ڕەوشتە نەیتوانی پێش بە لێکدانەوەی هەڵەی دۆخەکە و ڕەچاوکردنی هەڵوێستی نادروست سەبارەت بە هەندێک بابەتی تایبەت لە لایەن ئەوانەوە بگرێت. دۆخی ئێستا دەری دەخات کە مارکس، شێست ساڵ لەمەوبەر، لە پێشبینیی لەناوچوونی نەتەوەی چێک ـ کە زیندوومانیان ئێستا بۆتە مایەی دەردیسەر بۆ نەمسا ـ بە تەواوی لە هەڵە دابوو. بە پێچەوانە، ئەو گرینگیی نێونەتەوەیی ناسیۆنالیزمی پۆڵەندای، زێدە لە قەڵەم دابوو.

[48] Palacky

(چارەنووس وابوو کە) دەبوو بە گەشەکردنی ناوخۆی پۆڵەندا، (ئەو ناسیۆنالیزمە) وردەوردە لاواز ببێت، لاواز بوونێک کە هەر لەوکاتەوە دەستی پێ کردبوو. بەڵام ئەو هەڵە مێژووییانە هیچ لە بایەخی ڕەوشتی مارکس کەم ناکاتەوە، چونکە هیچ ڕەوشتێک بوونی نییە کە بە شێوەی پێشینی[49] سەبارەت بە بابەتە تایبەکان لە هەڵە بە دوور بێت. مارکس هەرگیز ئیدعای بێهەڵەیی نەکردووە و دوای هەموو ئەوانەش، هیچ شتێک بە قەت لێکدانەوەی مێژوویی بێهەڵە، دژی بنچینەی زانستیی ئەو نەبوو. ڕەنگە مارکس لە هەڵوێستی خۆیدا، سەبارەت بە بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی تایبەت، بە هەڵە چووبێ و نووسەری ئەو وتارەی ئێستاش هەوڵی داوە لە ڕوانگەکانی ١٨٩٦ و ١٨٩٧ی مارکس سەبارەت بە پرسی پۆڵەندیی، وەک پرسی ڕۆژهەڵات، ئامازەیان پێ بکات و دەری بخات کە کاتیان بەسەر چووە و نادروستن. بەڵام هەر ئەو هەڵوێستەی پێشووی مارکس و ئەنگڵسسەبارەت بە پرسی تورکیا و سلاڤە باشوورییەکان و هەروەها لە هەمبەر بزووتنەوەی نەتەوەیی چێکییەکان و پۆڵەندییەکان، بە ڕوونی دەری دەخات کە بنیاتنەرانی سۆشیالیزمی زانستی چەندە لە چارەسەرکردنی هەموو پرسە نەتەوایەتییەکان تەنیا بە یەک ڕەوشت و لە سەر بنەمای یەک دروشمی پەسندکراوی پێشینی بەدوور بوون. هەروەها نیشانیشی دەدات کە کاتێک بابەتێکی گرینگی وەک کێشەگەلی مادی هەستەکی، کە هەمان گەشەکردنی ئەورووپا بوو، لەگۆڕیدا بوو، زۆر کەم گوێیان دەدا بە مافی «مێتافیزیکی»ی نەتەوەکان.

[49] A priori

لە کۆتاییدا، لێکدانەوەی ئەوان سەبارەت بە بزووتنەوەی ئازادیخوازیی خەڵکی سویس لە سەدەی چواردەیەمدا، نموونەیەکی تەنانەت سەرنجڕاکێشترە لەوەی کە بەدیهێنەرانی سیاسەتی سۆشیالیستیی نوێ چۆنیان لەگەڵ پرسی نەتەوەیی هەڵسوکەوت کردووە. چونکە ئەو بەشە لە مێژوو لە ژێر کارتێکەریی هیچ چاوەڕوانی یان هەست و سۆزێکی سیاسەتی ڕۆژانەی ئێستادا نییە. فرێدریک ئەنگێلسەوە لە ساڵی ١٨٤٧دا سەرهەڵدانی کانتۆنەکانی سویسی دژی سەرکوتکردنی خوێناویی حکوومەتی سەرەڕۆی هاپسبورگ[50] (کە لە چوارچێوەی ئەفسانەی مێژوویی ویلیام تێل[51]دا، باس لە پەرەستشکردنێکی تەواو لە لایەن ئایدیالیزمی ڕۆمانتیکی لیبێڕاڵ/بورژواوە دەکات) بەو شێوەیە لێک داوەتەوە:

(نموونەگەڵێکی وەک) خەباتی ئەوکاتی سویس دژی نەمسا، سوێندی بەناوبانگی ریتلی[52]، تیرهاویشتنی قارەمانانەی تێل، بردنەوەی نەمرانە لە شەڕی مۆرگارتێن[53] هەموو ئەوانە نوێنەری خەباتی ماندوونەناسانەی شوانان بوو دژی هرووژمی گەشەکردنی مێژوویی؛ خەبات بۆ بەرژەوەندیی کەللەڕەقان، کۆنەپەرستان و خۆجێییەکان بوو دژی بەرژەوەندیی هەموو نەتەوەکە، خەباتی سەرەتاگەری[54] دژی ڕووناکبینی[55]، بەربەرییەت[56] دژی شارستانییەت[57]. ئەوان لەو

---

[50] The Hapsburg Despotism

[51] William Tel قارەمانی تیرهاوێژی کەوانداری سەدەی چواردەیەمی سویس کە کەسایەتییەکی وەک ڕابین هوودی هەبوو و لە شەڕەکەدا لایەنی ستەملێکراوانی گرت

[52] Rytli سوێندخۆری ئەفسانەیی بۆ بنیاتنانی وڵاتی کۆنفڕانسی سویسی کۆن بە دانانی سێ کانتۆن لە ساڵی 1307 دا

[53] Morgarten یەکەم شەڕی سویسییەکان دژی دەسەڵاتی هاپسبورگ

[54] Primitivism

[55] Enlightenment

[56] barbarism

[57] Civilization

سەردەمەدا شەڕی خۆیان دژی شارستانییەت بردەوە، بەڵام سزاکەی ئەوە بوو کە لە هەموو ڕەوتی پێشکەوتی شارستانییەتی دوای ئەو کارە، دابڕان.

کاوتسکی ئەو بیر و ڕایەی خوارەوەی سەبارەت بەو لێکدانەوەیەی سەرەوە دەربڕیوە:

دەبوو لەبەر دەم ئەو وتانەی سەرەوە کە سەبارەت بە کارگێڕیی شارستانیکردنی سویس لە لایەن حکوومەتی هاپسبورگە لە سەدەی چواردەیەم دایە، نیشانەیەکی پرسیار دانرێ. لە لایەکیشەوە ڕاستە کە پاراستنی سەربەخۆیی کانتۆنەکان ڕووداوێکی لەڕادەبەدەر کۆنەپارێزانە[58] بوو و هەر فریشی بەسەر شۆڕشگێڕییەوە نەبوو؛ هەر لەو کاتەوە ئازادیی ئەو کانتۆنانە بوو بە ئامرازێک بوو بۆ پاراستنی توخمی ڕەشترین بەرهەڵستکاریی کۆنەپەرستانە لە ناوەڕاستی ئەورووپادا. هەر ئەو کانتۆنە پڕدارستانانە بوون کە بوونە هۆی شکستهێنانی زوینگلی[59] و سپاکەی لە شەڕی کاپێل[60] لەساڵی ١٥٣١دا و دوای ئەوە پێشی بە تەشەنەکردنی ئایینی پڕۆتێستانیەت لە وڵاتی سویس گرت. ئەوان سپا و سەربازیان بۆ تەواوی حاکمانی سەرەڕۆی ئەورووپا دابین کرد و دیسان هەر ئەو بەشەی کانتۆنە پڕدارستانەکانی سویس بوو کە پتەوترین پشتیوانی پاشا لویی شازدەیەم[61]

---

[58] Conservative
[59] Zwingli
[60] Kappel
[61] Louis XVI

دژی شۆڕش بوو. هەر بەو هۆیەش کۆمار پەیکەرێکی پڕشکۆی لە شاری لوتسێرن[62] بۆ بەرز کردنەوە.[2]

لە ڕوانگەی «مافی نەتەوەکان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆ»وە سەرهەڵدانی خەڵکی سویس لە هەموو بوارێکدا شیاوی هەموو جۆرە لایەنگرییەکی سۆشیالیستەکانە. هیچ گومانێکی تێدا نییە کە ئاواتەکانی خەڵکی سویس بۆ ڕزگارکردنی خۆیان لە بندەستیی هاپسبورگ، ڕێک هاوتای درکاندنی ئیرادە و خواستی «خەڵک» یان زۆرینەیەکی یەکجار گەورەی ئەوان بوو. بزووتنەوەی نەتەوەیی خەڵکی سویس، تایبەتمەندییەکی تەواو بەرگریکارانەی تۆخی هەبوو و هیچ ئارەزوویەکی بۆ ستەمکردن لە نەتەوەکانی تر تێدا نەبوو. مەبەستی ئەو کارە، تەنیا ڕووخاندنی ستەمی هێرشبەرێکی بیانیی یەکجار سەرەڕۆ بوو. لە کۆتاییشدا ئەو بزووتنەوە نەتەوەییە بە شێوەی فەرمی خاوەنی هەموو تایبەتمەندییەکانی دەرەکیی دێمۆکراتیزم، و تەنانەت شۆڕشگێڕیش بوو، هەربۆیەش خەڵک دژی حکوومەتی تەواوخوازی (دیکتاتۆری)[63] لە ژێر دروشمی کۆمارێکی گەل[64] سەریان هەڵدەدا.

سەرهەڵدانی نەتەوەیی هەنگاریا لە ساڵی ١٨٤٨دا ڕێک پێچەوانەی ئەو بزووتنەوەیە بوو. بە هاسانی دەبینرێ ئاکامی مێژوویی سەرکەوتنی خەڵکی هەنگاریا چی لێ هاتەوە، چونکە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی ئەو وڵاتە بوو بە چەسپاندنی زاڵبوونی تەواوی کەمینەی ماگیار[65] بەسەر ئەو

[62] Lucerne
[63] Absolute Rule
[64] A Popular Republic
[65] Magyar

زۆرینە تێکەڵاوانەی تردا کە بەو شێوەیە بوونە نەتەوەگەلی بندەست. پێکەوە هەڵسەنگاندنی ئەو دوو خەباتە بۆ سەربەخۆیی نەتەوەیی - واتا ئی هەنگارییەکان لە ساڵی ١٨٤٨ و سویسییەکان لە پێنج سەدە پێشتر - یەکجار بەجێ و گرینگە، چونکە هەردووکیان لە بەرامبەر یەک دوژمندا وێستابوون: واتە حکوومەتی تەواوخوازی سەرەڕۆی هاپسبورگی نەمسا. ڕەوشت و ڕوانگەی مارکس و ئەنگڵسسەبارەت بە سیاسەتی نەتەوەیی بەو لێکدانەوەیە تەواو ڕوون دەبێتەوە. لەگەڵ هەموو بەڵگەگەلی دەرەکیی شۆڕشگێڕی لە بزووتنەوەی خەڵکی سویس هەروەها لەگەڵ بوونی تایبەتمەندیی دوولایەنەی بێئەملاوئەولای بزووتنەوەی ماگیار و دوای ئەوەش ڕەوشتی نۆکەریگەرییەکی ئاشکرا کە شۆڕشگێڕانی هەنگاریایی بە پێی ئەو یارمەتیی دەوڵەتی ڤییەنایان دا تاکوو شۆڕشی خەڵکی ئیتالی سەرکوت بکا، (بەڵام) بەدیهێنەرانی سۆشیالیزمی زانستی بە توندی ڕەخنەیان لە سەرهەڵدانی خەڵکی سویس گرت و وەک ڕووداوێکی کۆنەپەرستانەیان دانا، ئەمە لە کاتێک دایە کە زۆر بە گەرموگوڕی پشتیوانییان لە سەرهەڵدانی هەنگارییەکان لە ساڵی ١٨٤٨دا دەکرد. لە هەر دوو بابەتدا، فۆرمۆلی «مافی نەتەوەکان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆ» ڕێنوێنیان نەبوو - کە بێگومان سەبارەت بە خەڵکی سویس زۆر بەجێتر بوو تا ماگیارەکان ، بەڵکوو تەنیا، شیکاریی واقعبینانە لە بزووتنەوەکان لە ڕوانگەی مێژوویی و سیاسییەوە، ڕێنیشاندەری ئەوان بوو. لە ڕوانینی ئەنگێلسدا سەرهەڵدانی کانتۆنە بڵاوە دێهاتییەکان کە تایبەتمەندیی ناوچەگەرایی دژی ناوەندگەرێتی هەبوو، نیشانەی پاشگەزبوونەوە و کۆنەگەرێتیی مێژوویی بوو، ڕێک لە کاتێکدا کە زۆرداریگەری تەواوخوازانەی هێزی شازادەیی، کە بەرەو ناوەندیگەری دەچوو، بنچینەی گەشەکردنی مێژوویی بوو. هاوکات لەگەڵ ئەوەش چاو لێ

دەکەین لاسال[66] لەگەڵ شەڕی دێهات ڕووبەڕوو بۆوە و یاخیبوونی هاوکاتی شیڤالیە پلەخوارترەکانی نەجیبزادە[67] لە ئەڵمانیای سەدەی شازدەیەمدا دژی هێزی ڕوولەگەشەی شازادەکان ڕووی دا و ئەوانە وەک نیشانەی تری کۆنەگەریی[68] دەبینین. لەلایەکی ترەوە زۆرداریگەریی تەواوخوازانەی هاپسبورگ لە ساڵی ١٨٤٨ دا، پاشماوەی کۆنەگەرێتی[69] سەدەکانی ناوەڕاست بوو و سەرهەڵدانی نەتەوەیی هەنگارییەکان ـ هاوپەیمانی سروشتیی شۆڕشی ناوخۆی ئەڵمانیا ـ کە دژی هاپسبورگییەکان بوو، بە شێوەی ئاسایی دەبێ وەک بنچینەیەکی گەشەکردنی مێژوویی چاوی لێ بکرێت.

## III

جگەلەوانەش مارکس و ئەنگڵس لە گرتنی ئەو هەڵوێستەدا ـ هەرچەند ڕەنگە وا وێبچێ بەڵام ـ مەبەستیان لەخۆباییبوونی زێدەڕۆیانە لەمەڕ پارت و چین(پرۆلیتاریا) نەبوو و نەیان دەویست هەموو نەتەوەکان بکەنە قوربانیی خواست و ڕوانگەکانی داهاتووی دیموکراسیی ئەورووپای ڕۆژاوا.

ڕاستە کە ئەگەر سۆشیالیستەکان، ئازادی وەک بابەتێکی گشتی و جیهانی بۆ هەموو ئەو نەتەوە سەرکوتکراوانەی وا هەن ڕابگەیێنن، یەکجار دڵئاوەڵاتر و بۆ خەیاڵی زێدەچالاکی لاوێکی «ڕووناکبیر»، زۆر خۆشتریش بێتە بەر چاو. بەڵام ئەوەی کە بمانەوێ تەنیا بە خولێکی قەڵەم، بە هەموو خەڵکان، وڵاتەکان، گرووپەکان و مرۆڤەکان، مافی ئازادی، یەکسانی و هەر

[66] Lassale
[67] The minor knights of nobility
[68] Reaction
[69] Reactionary Relic

خواستێکی تر بدەین، تەنیا تایبەتمەندیی دەورانی لاوێتی بزووتنەوەی سۆشیالیزمە و پتر لە هەموو شتێک تایبەتمەندیی زمانبازیی نەترسانەی ئانارشیزمە.

سۆشیالیزمی چینی کرێکاریی نوێ، واتا سۆشیالیزمی زانستی، حەزی لە چارەسەری ڕادیکاڵ و سەرسوورهێنەر بۆ پرسە کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەکان نییە بەڵکوو بەر لە هەموو شتێک بابەتە سەرەکییە واقعییەکانی ئەو پرسانە تاوتوێ دەکات.

چارەسەرەکانی ئەو پرسانە لە لایەن سۆشیال دیموکراسییەوە، بە گشتی تایبەتمەندیی «بەخشندەیی[70]»یان نییە و لەو بوارەدا هەمیشە لە لایەن ئەو پارتە سۆشیالیستییانە (وا باسیان کرا) ڕێگەچارەی وا دەدرێن کە گیروگرفتی «دۆکتۆراینە»[71] زانستییەکانیان نییە و دایمە گیرفانیان پڕە لە دیاریی جوان بۆ هەموان. هەر بۆیەش بۆ نموونە پارتی شۆڕشگێڕیی سۆشیالیستی لە ڕووسیا سەبارەت بە پرسی کشتوکاڵ، تەواو سۆشیال دیموکراسی دەخاتە دواوە؛ (ئەو پارتە) دەستووری کاری بەرهەمهێنانی خێرا بەشێوەی بەشبەشی[72] سۆشیالیزم لە دێهاتدا، بۆ گوندنشینەکان خستە ڕوو، بە بێ ئەوەی پێویست بێت ماوەیەک بێتاقەتانە چاوەڕێ بکەن مەرجەکانی ئەو ڕاگوێزرانە لە خاڵی گەشەکردنی پیشەسازیدا، دابین بکرێت. سۆشیال دیموکراسی لە چاو ئەو پارتانە هەمیشە وەک پارتێکی فەقیر بووە و هەر واش دەمێنێت، ڕێک وەک مارکس کە لە چاو باکونینی دەست و دڵ ئاوەڵا،

---

[70] Magnanimity
[71] Doctorine

[72]Partial

فەقیر بوو، یان ڕێک وەک مارکس و ئەنگڵسکە لە بەرامبەر نوێنەرانی «واقعی» و تا ڕادەیەک «فەلسەفیی» سۆشیالیزم فەقیر و لاواز بوون. بەڵام ڕازی دڵئاوەڵایی هەموو ئەو سۆشیالیستانەی وا ڕەنگی ئانارشیستییان پێوە دیارە و فەقیر و لاوازبوونی سۆشیال دیموکراسی ئەوەیە کە شۆڕشگێڕیی ئانارشیستیی «هێز و توانا بە ڕبەی ئامانج دەپێوێ نەک ئەوەی ئامانجەکان بە ڕەچاوکردنی هێز بپێوێ»، واتا ئاواتەکانی خۆی تەنیا بەوەی چ شتتێک وێدەچێت هۆکار بێت، پێوانە دەکات و کوێرکوێرانە بەدوای یۆتۆپیایەکی پووچەوەیە کە بۆ ڕزگاریی مرۆڤایەتی وەک چاک و پێویست داینێت. بەڵام سۆشیال دیموکراسی لە ئاواتەکانی خۆیدا پێداگری لە سەر بنەمای مێژوویی دەکات و بۆیەش ئەگەرە مێژووییەکان دەخاتە بەر چاو. سۆشیالیزمی مارکسی لە هەموو سۆشیالیزمەکانی تر جیاوازە، چونکە سەرەڕای شتەکانی تر، هیچ بیانوویەکی نییە بۆ ئەوەی ئەو درز و قەڵشتانە کوێر کاتەوە و دایپۆشێت کە ڕەوتی بەرەوپێشڤەچوونی مێژوو دروستی دەکات.

لەڕاستیدا تەنانەت ئەگەر ئێمەی سۆشیالیست، مافی دەسبەجێی هەموو نەتەوەکان بۆ سەربەخۆیی بە فەرمی بناسین، بەو کارەی ئێمە چارەنووسی نەتەوەکان هەر تۆزێکیش چییە ناگۆڕێت. لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی ئێستادا، «مافی» هەر نەتەوەیەک بۆ ئازادی، هەر وەک «مافی» کرێکارێک بۆ سەربەخۆیی ئابووری، بەقەت «مافی» کەسێک بایەخی هەیە کە بۆی هەیە لە سەر قاپێکی زێڕین خواردن بخوات[73] و هەر وەک نیکۆلۆس کێرنیشێفسکی[74] دەنووسێت، ئامادەیە هەر کات بۆی بکرێت بە ڕووبل[75]ێکی

[73] مەبەست ئەوەیە کە زێڕین بوون یان نەبوونی قاپەکە هیچ قازانجێکی بۆ کابرا نییە و تێری ناکات.
[74] Nicolaus Chernyshevski
[75] Ruble دراوی ڕووسیا

(قاپەکە) بفرۆشێت. لە دەیەی 1940دا «مافی کار» مەرجی دڵخوازی سۆشیاڵیستە یۆتۆپیاییەکان لە فەرەنسا بوو و وێ دەچوو بۆ پرسی کۆمەڵایەتی، ڕێگەچارەی دەسبەجێ و ڕیشەیی بێت. بەڵام لە شۆڕشی ١٨٤٨دا ئەو «مافە» دوای هەوڵێکی کورتخایەن بۆ کردەیی کردنی، بە شکستێکی سەرسووڕهێنەر کۆتایی پێ هات، شکستێک کە تەنانەت بە بڕیاری بەناوبانگی ڕێکخستنەوەی جیاوازی «کارگە نەتەوەییەکانیش» پێشی پێ نەدەگیرا. هەر وەک مارکس لە **سەرمایە**[76]دا دەڵێت، شیکارییەک لە سەر هەلومەرجە واقعییەکانی ئابووری هاوچەرخ، دەبێ بەو قەناعەتەمان بگەیێنێت کە تەنانەت ئەگەر دەوڵەتەکانی ئێستا ناچار بکرێن «مافی جیهانی بۆ کار» ڕابگەیێنن، تەنیا وەک قسەیەکی جوان دەمێنێتەوە و هیچ کام لەو لەشکری بێکارانە وا لە قەراخ شەقامەکان ڕاوەستاون، ناتوانن لە سای ئەو مافە، پاروویەک نان بۆ ماڵ و منداڵیان پەیدا بکەن.

ئەمڕۆکە سۆشیال دیموکراسی تێ دەگات کە تەنیا کاتێک «مافی کار» وەک دروشمێکی پووچ نامێنێتەوە کە ڕژێمی سەرمایەداری لە ناو بچێت، چونکە لەو ڕژێمەدا بێکاریی هەمیشەیی بەشێکی تایبەت لە پرۆلیتاریای پیشەساز، مەرجی پێویستی وەبەرهێنانە. هەر بۆیەش سۆشیال دیموکراسی داواکاری ڕاگەیاندنی ئەو«مافە» خەیاڵییە لە سەر بناغەی سیستەمی ئێستاکە نییە، بەڵکوو بە جێی ئەوە هەوڵ دەدات خودی سیستەمەکە بە خەباتی چینایەتی لەناو بەرێت و ڕێکخراوە کرێکارییەکان، بیمەی بێکاری و ئەمجۆرە شتانەش، تەنیا وەک ئامرازێکی کاتی بۆ یارمەتی دەبینێت.

---

[76] Capital ناوی گرینگترین کتێبی مارکسە

هەر بەو شێوەیەش، ئاواتی چارەسەرکردنی پرسە نەتەوایەتییەکان، بە دابینکردنی ئەگەری «دیاریکردنی چارەنووسی خۆ» بۆ هەموو نەتەوە، ڕەگەز یان گرووپە ئێتنیکییەکان، لە ناو چوارچێوەی سەرمایەداریدا، بە تەواوی یۆتۆپیایە(کی خەیاڵییە). هەروەها لەو ڕوانگەیەشەوە یۆتۆپیایە کە سیستەمی ئۆبجێکتیڤی هێزە سیاسی و چینایەتییەکان، دانەدانە داواکارییەکانی بەرنامەی سیاسیی سۆشیال دیموکراسی ئیدانە دەکات، چونکە (پێیوایە) لە کردەوەدا جێبەجێ نابێت. بۆ نموونە دەنگگەلێکی گرینگ لە ڕیزی بزووتنەوەی کرێکارانی ئینتەرناسیۆنال دەڵێن بەو قەناعەتە گەیشتوون کە داوای ڕاگەیاندنی هەشت سەعات کاری ڕۆژانە لە لایەن پەیماننامەی یاساوە بە هۆی بەرهەڵستبوونی کۆمەڵایەتیی ڕوولەزیادبوونی چینە دەسەڵاتدارەکان، متبوونی گشتیی چاکسازییە کۆمەڵایەتییەکان، سەرهەڵدانی ڕێکخراوەگەلی بەهێزی بیزنێسکارەکان و هتد، وێناچێ بە هیچ جۆرێک لە لایەن کۆمەڵگای بورژوازییەوە پەسند بکرێت. لەگەڵ ئەوەش کەس ناوێرێت داوای هەشت سەعات کاری ڕۆژانە وەک یۆتۆپیا ناو بەرێت، چونکە بە تەواوی لەگەڵ گەشەی ڕووبەزیادبوونی کۆمەڵگای بۆرژوای دەگونجێت.

بەڵام بە کورتی، ئەگەری کردەیی «دیاریکردنی چارەنووسی خۆ» بۆ هەموو گرووپە ئێتنیکییەکان، یان واش نەبێ (لانیکەم) بۆ هەندێک نەتەوەی تایبەت، ڕێک بۆیە یۆتۆپیایە چونکە ڕەوتی گەشەکردنی مێژوویی کۆمەڵگاکانی هاوچەرخ وای نیشان دەدات. بە بێ تاوتوێکردنی ئەو چاخە لەمێژینانەی سەرەتای مێژوو، کە لەواندا نەتەوەکانی دەوڵەتە نوێیەکانی ئێستا، لە بواری جوگرافیاییەوە بەردەوام خەریکی هاتوچۆ و جووڵانەوە بوون، یەکتریان دەگرت، تێکەڵاو دەبوون، لێک بڵاو دەبوون یان هرووژمیان دەکردە سەر یەکتر، واقعییەت ئەوەیە کە هەموو دەوڵەتەکانی کۆن بە بێ جیاوازی،

بە هۆی مێژووی دوورودرێژی سەرهەڵدانە سیاسی و ئێتنیکی، لە بواری نەتەوایەتییەوە یەکجار تێکەڵاو بوون. ئێستاکە لە هەموو وڵاتەکاندا، پاشماوە ئێتنیکییەکان، شایەتحاڵی سەرهەڵدان و تێکەڵاوبوونی ڕابردوون و ئەوەش خۆی نیشاندەری ڕەوتی بەرەوپێشقەچوونی مێژووە لە ڕابردوودا. مارکس لە سەر ئەو بڕوایە بوو کە تەنانەت لە دەورانی ئەویشدا ئەو پاشماوە نەتەوەییانە هیچ کارامەییەکیان نییە جگەلەوەی وەک قەڵایەک بن دژی شۆڕش، هەتا ئەو کاتەی کە بە تۆفانی شۆڕش یان شەڕی جیهانی، بەتەواوی لە ڕووی زەوی ڕادەماڵرێن. ئەو لە ڕۆژنامەی ڕاینی نوێ Neue Rheinische Zeitung دا دەنووسێ:

«لە ئەورووپادا هیچ وڵاتێک نییە کە لە سووچێکی یەکدوو نەتەوەی وێرانکراوی تێدا نەبێ کە پاشماوەی خەڵکێکی کۆنن و لە لایەن نەتەوەیەکەوە کۆچیان پێ کراوە و بەسەریاندا زاڵ بوون و دواتریش نەتەوە زاڵەکان بۆیان بوونەتە خاوەنی ستانداردی گەشەکردنی مێژوویی. هەر وەک هێگێل دەڵێ ئەو نەتەوە پاشماوانە لە لایەن مێژووەوە بێبەزەییانە هرووژمیان کراوەتە سەر؛ ئەو پاشماوانە هەر دەبن و دەمێننەوە هەتاکوو ئەو دوایین پارتیزانە توندڕەوانەیان کە دژی شۆڕشن، لەناودەچن و بێنەتەوە دەبن، چونکە هەموو بوونی ئەوان بە گشتی دژایەتییە لە هەمبەر شۆڕشی مێژوویی گەورە. بۆ نموونە لە وڵاتی سکۆتلەندا لە ساڵی ١٦٤٠ هەتا ١٧٤٥، گەیلەکان[77] پێگەی سەرەکیی بنەماڵەی ستیوارتەکان[78]بوون؛ لە وڵاتی فەڕەنسا برێتۆنەکان[79] لە

[77] The Gaels
[78] The Stuarts ناوی زنجیرەیەک لە پاشاکانی سکۆتلەندا
[79] The Bretons

ساڵانی ١٧٤٥ تا ١٨٠٠ پێگەی سەرەکیی بۆربۆنەکان[80] بوون. هەروەها لە ئیسپانیا باسکییەکان[81] پشتیوانی دۆن کارلۆس[82] بوون. بەڵام لە نەمسا، وەک نموونەیەکی تر، سلاڤە باشوورییەکانی پان‌سلاڤ تەنیا پاشماوەی گەشەکردنێکی هەزارساڵەی یەکجار ئاڵۆزن.[3]

مارکس لە وتارێکی تردا سەبارەت بە هەوڵی پان سلاڤەکان بۆ سەربەخۆبوون لە هەموو نەتەوە سلاڤەکانی تر، دەنووسێ:

ئەڵمانیاییەکان و هەنگارییەکان لە سەردەمێکدا کە بوونی پاشایەتییە گەورەکان لە ئەورووپادا وەک پێویستییەکی مێژوویی وابوو، ئەو نەتەوە بچووک، پەککەوتە و بێهێزانەیان بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی گەورە، پێکەوە لکاند و بەو کارە هەلی ئەوەیان بۆ ڕەخساندن کە لە گەشەکردنی مێژوویەک بەشدار بن کە ئەگەر تەنیا بۆخۆیان بوایەن، هەرگیز بۆیان نەدەکرا. ئەمڕۆکە بە هۆی پێشکەوتی خێرای پیشەسازی، بازرگانی و پێوەندییەکان، ناوەندگەرێتیی سیاسی، تەنانەت لەچاو سەدەکانی پازدە و شازدەش پێویستییەکی زیاتری هەیە. هەر شتێک تا ئێستا ناوەندی نەبووبێ ئێستا خەریکە ناوەندی دەکرێ. (هەمان سەرچاوە. لاپەڕەی 255)

ئێمە لە مێژە ڕوانگەکانی مارکس سەبارەت بە سلاڤە باشوورییەکانمان جێ هێشتووە: بەڵام حەقیقەتی گشتی ئەوەیە کە ئەو گەشەکردنە مێژووییە، بەتایبەت گەشەکردنی نوێی سەرمایەداری، هیچ وێ ناچێت بیەوێ بوونی سەربەخۆ بداتەوە نەتەوەکان، بەڵکوو ئاراستەیەکی ڕێک پێچەوانەی هەیە

---

[80] The Bourbons
[81] The Basques
[82] Don Carlos

و ئەو بابەتە ئێستاش بەقەت کاتی دەرچوونی **ڕۆژنامەی راینی نوێ** Neue Rheinische Zeitungزانراوە.

کارل کائوتسکی لە دوایین وتاری خۆیدا بە ناوی **ناسیۆنالیتی**[83] و **ئینتەرناسیۆنالیزم** سەبارەت بە چارەنووسی نەتەوایەتییەکان ئەو چوارچێوە گشتییەی خوارەوەی داڕشتووە:

دەزانین کە زمان گرینگترین ئامرازی ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە. هەر چی ئەو ئاڵوگۆڕە بە هۆی گەشەکردنی ئابوورییەوە زیاتر پەرەدەگرێت، بازنەی ئەو خەڵکەش کە ئەو زمانە هاوبەشە بە کار دێنن دەبێ گەورەتر بێتەوە. بەو شێوەیە حەز بۆ ئەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان زیاتر پەرەبگرن و نەتەوەکانی تر هەڵلووشنە ناو خۆیان، زێدە دەکات و ئەو کارەش دەبێتە هۆی ئەوەی نەتەوەکانی تر زمانەکەیان لە دەس بدەن و زمانی نەتەوەی زاڵ یان تێکەڵاوێک لە زمانەکان هەڵگرن.

بە پێی بۆچوونەکانی کائوتسکی سێ کۆمەڵی فەرهەنگیی گەورەی مرۆڤایەتی بەشێوەی هاوکات پەرەیان سەندووە: مەسیحی، موسوڵمان و بوودایی.

هەرکام لەو سێ کۆمەڵە فەرهەنگانە لە ناو خۆیاندا بە ڕێژەیەکی زۆر، زمان و نەتەوەی ڕەنگاوڕەنگیان تێدایە. لە ناو هەرکامیاندا بەشی زۆری فەرهەنگ، نەتەوەیی نییە بەڵکوو نێونەتەوەییە (ئینتەرناسیۆناڵە). بەڵام پێوەندی (و ئاڵوگۆڕی) جیهانی، کارتێکەریی دیکەشی هەیە. (دۆخەکە) تەنانەت زیاتریش پەرەدەگرێت و زاڵبوونی (شێوەی) وەبەرهێنانی سەرمایەداری لە هەموو جێیەک دادەمەزرێنێ ... لە هەر

[83] Nationality And Internationalism

جێیەک کۆمەڵێکی زۆر یەکگرتووی پێوەندیکردن و فەرهەنگ بۆ دەورانێکی دوور و درێژ لە ناو ڕێژەیەکی زۆر لە نەتەوەکان بوونی هەبێت، یەک یان چەند نەتەوەیەک لە بەرزاییەکانی بەڕێوەبەرایەتی و دەوڵەت، کاروباری نیزامی، زانستی و هونەریدا دەچنە سەرێ. لەو کۆمەڵگا فەرهەنگییە ئینتەرناسیۆناڵەدا زمانەکەیان بۆ هەموو بازرگانێک یان مرۆڤێکی خوێندەوار لە ڕووی ناچارییەوە دەبێتە پێویست. فەرهەنگەکەیان ـ لە ئابووری، هونەر و وێژە[84]دا ـ تایبەتمەندیی خۆی دەبەخشێ بە هەموو شارستانییەتە[85]کە. ئەو ڕۆڵە هەتا کۆتایی دەورانە کۆنەکان لە لایەن یۆنان و لاتینەوە لە ناوچەی دەریای ناوەڕاست بەڕێوە چووە. لە دونیای محەممەد (پێغمبەری ئیسلامدا) ئەو ڕۆڵە لەلایەن فەرهەنگ و زمانی عەرەبییەوە بەڕێوە براوە؛ لە دونیای مەسیحی و هەروەها جووەکان و بێخوداکان[86]یشدا، زمانی ئەڵمانیایی، ئینگلیزی و فەڕەنسی بوونە گشتیترینی زمانەکان ... ڕەنگە گەشەی ئابووری و سیاسی لە داهاتوودا زمانی ڕووسیش بەو زمانانەوە زیاد بکات. بەڵام ئەگەری ئەوەش هەیە یەکێک لەوانە، واتا ئینگلیزی، ببێتە تەنیا زمانی هاوبەش و گشتی ... یەکگرتنی نەتەوەکان بەرەو کۆمەڵگای فەرهەنگیی نێونەتەوەیی، لە پەرەسەندنی زمانە جیهانییەکان لە ناو بازرگانان و خەڵکی خوێندەواردا، ڕەنگدانەوەی دەبێ. ئەو یەکگرتووییە هەرگیز بە ڕادەی ئێستا نزیک نەبووە؛ فەرهەنگی نەتەوەیی تۆخ و بێخەوش، هەرگیز ئەوەندە دوور و خەیاڵی نەبووە. هەر بۆیەش زۆر جێی سەرسووڕمانە کاتێک خەڵک هەمیشە باسی تەنیا فەرهەنگێکی

[84] Literature
[85] Civilization
[86] Atheists

*نەتەوەیی* دەکەن یان کاتێک دەوترێ سۆشیالیزم قەرارە فەرهەنگێکی *نەتەوەیی* بۆ جەماوەرەکان دابین بکات ... کاتێک کۆمەڵگای سۆشیالیستی پەروەردەیەک بۆ جەماوەرەکان دابین دەکات، هاوکات توانای قسەکردن بە چەند زمانیان، واتا زمانە جیهانییەکانیان، بۆ پێک دێنێ کە بەو شێوەیە بتوانن لە شارستانییەتی *نێونەتەوەییدا*[87] بەشداری بکەن، نەک تەنیا لە فەرهەنگێکی جیاوازی کۆمەڵگایەکی زمانی تایبەتدا ببن. کاتێک گەیشتینە ئەو پێگەیەی کە جەماوەرەکان لە دەوڵەتە بەشارستانیکراوەکانمان civilized ststesبتوانن لە پەنا زمانی نەتەوەیی خۆیان لە یەک دوو زمانی جیهانیشدا شارەزایی تەواو پەیدا بکەن، ئەو دۆخە دەبێتە بنەمای وردەوردە پاشەکشە و لە ئاکامدا لەناوچوونی تەواوی زمانی نەتەوە بچووکترەکان و یەکگرتنی مرۆڤی بەشارستانیکراو بە یەک زمان و یەک نەتەوەوە؛ هەر وەک چۆن خەڵکی ناوچەی کەنداوی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست دوای ئەسکەندەری گەورە، لەژێر ناوی هێلێنیزم[88]دا کۆبوونەوە و خەڵکی ناوچەی ڕۆژاوای ئەوێش دواتر لەگەڵ نەتەوەی ڕۆمی تێکەڵاو بوون.

> جۆراوجۆریی زمانەکان لە ناو بازنەی شارستانییەتدا لێکتێگەیشتنی خەڵکی ناو نەتەوە جیاوازەکان دژوار دەکات و دەبێتە لەمپەرێک بۆ پێشکەوتی شارستانیبوونیان. بەڵام تەنیا سۆشیالیزم دەتوانێ ئەو ئاستەنگە تێپەڕ بکات و هەوڵ

---

[87] *International*civilization
[88] Hellenism

و تێکۆشانێکی زۆری پێویست دەبێ بەرلەوەی بتوانێ لە پەروەردەکردنی هەموو جەماوەرەکان سەر کەوێت بۆ ئەوەی ئەنجامگەلێکی دیار و بەرچاو دەستەبەر بکات. ئەمڕۆکە دەبێ لە بیرمان نەچێ کە *ئینتەرناسیۆنالیزمی ئێمە جۆرێکی تایبەت لە ناسیۆنالیزم نییە کە تەنیا جیاوازییەکەی لەگەڵ ناسیۆنالیزمی بۆرژوای ئەوەیە وا لە هەڵسوکەوتیدا پەلاماردەر نییە ـ (واتە) بۆ هەموو نەتەوەیەک هەر ئەو مافە داوا دەکات کە بۆ نەتەوەی خۆی داواکاریەتی و هەر بۆیەش مافی دەسەڵاتی تەواو بۆ هەر نەتەوەیەک بە فەرمی دەناسێت. ئەو ڕوانگەیە کە هەڵوێستی ئانارشیزم لە تاکەکانەوە ڕادەگوێزێتە سەر نەتەوەکان، لەگەڵ کۆمەڵگایەکی ئێستا ڕێک ناکەوێت کە لە بواری فەرهەنگییەوە لێک نزیکە و لە نێوان نەتەوەکانی شارستانییەتی هاوچەرخدا بوونی هەیە.*

لە ڕاستیدا ئەو بابەتەی دواتر، سەبارەت بە فەرهەنگ و ئابووری، یەک تاقە پەیکەری کۆمەڵایەتی دروست دەکات کە خۆشگوزەرانیی ئەو، پێوەندی بە هاوسەنگیی هاوکاریی نێوان بەشەکانیەوە هەیە و تەنیا بە پەیڕەوبوونی هەموو وردەبەشەکانی بۆ گشت، دەستەبەر دەکرێت. *ئینتەرناسیۆنال سۆشیاڵیست، کۆمەڵێک لە نەتەوە سەرەڕۆکان نییە کە هەر کام هەر چی پێی خۆش بێت دەیکات ، ئەڵبەت تا ئەو جێیەی کە یەکسانیی مافەکانی ئەوانی تر پێشێل نەکات؛ بەڵکوو ئۆرگانیزمێکە کە هەر چی جوانتر کار بکات بەشەکانی ئەو*

*بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن کاریان هاسانتر دەبێتەوە و بە ڕەچاوکردنی پلانی گشتی، پتر بەیەکەوە کار دەکەن.*

چوارچێوەی پلانی مێژووییەک کە کائوتسکی دایڕشتبوو بەو شێوەیە بوو. بێگومان، ئەو لەچاو مارکس بابەتەکە لە ڕوانگەیەکی جیاوازەوە دەبینێت، جۆرێک کە زۆرتر لە سەر لایەنی گەشەکردنی ئاشتیخوازانەی فەرهەنگی پێداگری دەکات، لە کاتێکدا مارکس لە سەر لایەنی سیاسیی بابەتەکە پێ دەچەقێنێ، کە هەمان داگیرکردنی دەرەکییە لە ڕێی هێزی نیزامییەوە. ئەمە لە حاڵێک دایە هەردووکیان چارەنووسی نەتەوەکان لە ئاکامی ڕووداوەکاندا، بەرەو جیابوونەوە و سەربەخۆبوون لێک نادەنەوە، بەڵکوو ڕێک بە پێچەوانە. تا ئەو جێیەی دەزانین، کائوتسکی، بۆ یەکەم جار لە وێژەی زانستیی هاوچەرخدا، ڕەوتی مێژوویی بەرەو لەناوچوونی هەموو جیاوازییە نەتەوایەتییەکان لە سیستەمی سۆشیالیستیدا و یەکپارچەبوونی هەموو مرۆڤایەتیی بەشارستانیبوو لە ناو یەک تاکە نەتەوەدا، فۆرمۆلە دەکات.[4]

کەوابوو ئەو بیردۆزە لە سەر ئەو بڕوایەیە کە پەرەسەندنی سەرمایەداری لە ئێستادا دیاردەگەلێک دەخاتەڕوو کە وێدەچێ لە ئاراستەی پێچەوانەدا کار دەکەن و ئەوەش هەمان وەخەبەرهێنان و تینداني بەئاگابوونی نەتەوایەتی و هاوکات بە پێویستدانانی دەوڵەتی نەتەوەییە، واتا شێوەیەک لە دەوڵەت کە «باشترین ڕێککەوتنی لەگەڵ هەلومەرجی نوێ هەیە؛ شێوەیەک کە لەودا (دەوڵەت) بە هاسانترین شێوە کارەکانی (و پلانەکانی) خۆی بەڕێوە ببات».[5]

باشترین دەوڵەتی نەتەوەیی تەنیا بابەتێکی زەینی(و خەیاڵی)یە کە لە بواری تیۆریکەوە بەهاسانی وەسف و پێناسە دەکرێت، بەڵام لەگەڵ واقعییەت ڕێک ناکەوێ. وەک هەموو گەشەکردنێکی کۆمەڵایەتی تر، گەشەکردنی مێژووییش بەرەو کۆمەڵگای شارستانیی جیهانی، لە جەنگەی لێکدژی[89]دا پێک دێت، بەڵام ئەو لێکدژییە هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنی یەکپارچەیی شارستانییەتی ئینتەرناسیۆنال، لە جێگەیەکی تر دایە نەک ئەوەی وا کائوتسکی بەدواوەیەتی و نەک لە ڕۆیشتن بەرەو ئایدیای «دەوڵەتی نەتەوەیی»دا، بەڵکوو زیاتر لەو جێگەیەی مارکس ئاماژەی پێ دەکات، واتا ململانێی پڕ لە خوێنڕێژیی نەتەوەکان و ـ هاوکات لەگەڵ ناوچەگەلی گەورەی شارستانییەت و بە پێچەوانەی ئەوان ـ لە ڕۆیشتن بەرەو سازکردنی دەوڵەتگەلی گەورەی سەرمایەداری دایە. پەرەسەندنی *زلهێزەکانی جیهان*، کە تایبەتمەندییەکی هەرە تایبەتی سەردەمی ئێمەیە و سەرمایەداری جاربەجار گرینگی و قەبارەیان زیاتر دەکاتەوە، هەر لە سەرەتاوە هەموو نەتەوە بچووکەکان ناچار بە داماویی سیاسی دەکات. جگەلە هەندێک نەتەوەی زۆر بەهێز، بۆ ڕێبەرانی پەرەسەندنی سەرمایەداری، کە خاوەنی سەرچاوە دەروونی و مادییەکانی پێویست بۆ سەربەخۆیی سیاسی و ئابوورین، «دیاریکردنی چارەنووسی خۆ»، واتا بوونی سەربەخۆی نەتەوە بچووک و لاوازەکان، تەنیا خەیاڵێکە و تەنانەت لە داهاتوودا دەکەوێتە ئەوپەڕی خەیاڵیش. گەڕاندنەوەی سەربەخۆیی بۆ هەموان، یان تەنانەت بۆ زۆرینەی ئەو نەتەوانەی وا ئێستا بندەستن، تەنیا کاتێک دەکرێت کە بوونی دەوڵەتە بچووکەکان لە سەرەتای سەرمایەدارییەوە شانس و ئاواتێکیان بۆ داهاتوو ببوایە. دوای ئەوەش ئابووری و سیاسەتی زلهێزی ـ کە مەرجی مان

[89] Contradiction

و ژیانە بۆ وڵاتە سەرمایەدارییەکان ـ ئەو دەوڵەتە بچووکە ئەورووپاییانەی، کە لە بواری سیاسییەوە سەربەخۆن و بە شێوەی فەرمی لەگەڵ ئەوانی تر یەکسانن، لە گۆڕەپانی ئەورووپادا بەتەواوی بێدەنگ و لاڵ کردووە و زۆر جار وەک کاوڕی قوربانییان لێ هاتووە. ئایا کەسێک هەیە بەڕاستی و جیددی، باسی (مافی)«دیاریکردنی چارەنووسی» ئەو خەڵکانە بکات کە (بەڕواڵەت) لە بواری فەرمییەوە سەربەخۆن وەک مۆنتەنێگرۆ، بولغاریا، ڕۆمانیا، سێربەکان، یۆنان و هەروا بێتەوە، تەنانەت سویسیش کە سەربەخۆیی ئەوێ بەرهەمی خەباتی سیاسی و یاریی دیپلۆماتێکی «ڕێککەوتنی ئەورووپا[90]» بوو؟ لەو ڕوانگەیەوە ئایدیای دابینکردنی مافی «دیاریکردنی چارەنووسی خۆ» بۆ هەموو نەتەوەکان، ڕێک بەرامبەرە لەگەڵ گەڕاندنەوە لە گەشەکردنی سەرمایەداریی گەورە و بردنیان بەرەو دەوڵەتگەلی نێوانیی بچووک[91]ی زۆر پێش سەدەکانی پازدە و شازدە.

تایبەتمەندییەکی سەرەکیی دیکەی گەشەکردنی مۆدێرن، کە بیرۆکەی وەک ئەوە یۆتۆپیایی لە قەڵەم دەدا، ئیمپێریالیزمی سەرمایەدارییە. نموونەی ئیگەلترا و هۆڵەندا دەیسەلمێنێت کە وڵاتێکی سەرمایەداری لە هەندێک هەلومەرجی تایبەتدا، تەنانەت یەکسەر دەتوانێ بەسەر قۆناغی «دەوڵەتی نەتەوەیی»دا باز بدات و دەسبەجێ لە قۆناغی وەبەرهێنانی[92] خۆیدا، دەوڵەتێکی خاوەن کۆلۆنی[93] ساز بکات. بە دوای ئینگێلترا و هۆڵەندا کە لە سەرەتای سەدەی حەڤدەیەمدا دەستیان کردبوو بە داگیرکردنی

[90] Concert of Europe
[91] Small Medieval States
[92] Manufacturing Phase
[93] Colony-Holding State

کۆلۆنییەکان، لە سەدەکانی هەژدە و نۆزدەدا هەموو دەوڵەتە گەورە سەرمایەدارییەکانی تریش دەستیان بەو کارە کرد. بەرهەمی ئەو ڕەوتە بۆتە وێرانکردنی سەربەخۆیی وڵاتانێک و خەڵکانێکی هەرچی زیاتر لە هەموو کیشوەرەکاندا.

خۆی گەشەکردنی سەوداومامەڵەی نێونەتەوەیی لە چاخی سەرمایەداریدا، دارماندنی - جاری وایە بە هێوری بەڵام - بەناچاری زۆربەی کۆمەڵگا سەرەتاییەکان بەدوای خۆیدا دێنێ و ئامرازی هەنووکەیی مێژوویی ئەوان بۆ «دیاریکردنی چارەنووس»، لەناو دەبات و دەستەونەزەری ڕەوتی ناکارامەی گەشەکردنی سەرمایەداری و سیاسەتی جیهانییان دەکات. دەبێ یەکجار زەینکوێر بین کە باوەڕمان وابێ، بۆ نموونە، ئەمڕۆکە نەتەوەی چین (جا چ وەک تەنیا یەک نەتەوە یان چەند نەتەوەی تێکەڵاوی دانێین) بەڕاستی (لەکردەدا) «چارەنووسی خۆی دیاری دەکات». ئاکاری وێرانکەری سەوداومامەڵەی جیهانی، دابەشکاریی تەواو یان سەربەخۆیی سیاسیی وڵاتە کۆلۆنییەکان لە ئاست و چوارچێوەی جۆراوجۆر بە دوای خۆیدا دێنێت و ئەگەر سۆشیال دیموکراسی بە هەموو هێز و توانای خۆی دژی سیاسەتی بەکۆلۆنیکردن لە هەموو دیاردەکانیدا هەڵوێست بگرێت، بۆ ئەوەی هەوڵ بدات پێشکەوتی وەدوا بخات، بەو شێوەیە هاوکات تێ دەگات کە ئەو گەشەکردنە و هەروەها ڕیشەی سیاسەتەکانی کۆلۆنیالیزم، ڕێک لە ناو دڵی بناغەکانی وەبەرهێنانی سەرمایەداری دایە و کۆلۆنیالیزم بەناچار پەرەگرتنی داهاتووی سەرمایەداری لێ دەکەوێتەوە. هەروەها تەنیا حەوارییە بەستەزمانەکانی «ئاشتی»ی بۆرژوای، دەتوانن بڕوا بکەن بەوەی کە دەوڵەتەکانی ئەمڕۆکە بۆیان هەیە لەو ڕێگایە دووری بکەن. بۆ هێزەکانی دونیای سەرمایەداری، ململانێ بۆ مانەوە لە بازاڕی جیهانی و یاریکردن لە

سیاسەتی نێونەتەوەییدا و خاوەنی خاکی تر بوون لەوپەڕی دونیا، هەم پێویستە و هەم مەرجی گەشەکردنە. ئەو شێوەیەی دەوڵەت، کە باشترین خزمەت بە بەرژەوەندیی چەوساندنەوە لە دونیای ئێستادا دەکات، بەپێچەوانەی بیرکردنەوەی کائوتسکی، دەوڵەتی «نەتەوەیی» نییە، بەڵکوو دەوڵەتێکە کە لە هەمبەر داگیرکراندا (چۆکی دادابێ و) نوشتابێتەوە. کاتێک دەوڵەتە جیاوازەکان لەو ڕوانگەیەوە لەگەڵ یەک هەڵدەسەنگێنین کە تا چ ڕادەیەک بەو ئایدیالە گەیشتوون، دەبینین کە دەوڵەتی فەڕەنسا ـ لانی کەم لە بەشی ئەورووپاییەکەیدا کە لە بواری نەتەوەییشەوە یەکدەستن ـ ناکرێ بە باشترین شێوە لەو سەرچەشنەدا بگونجێ. دەوڵەتی ئیسپانیا تەنانەت لەویش کەمتر لەگەڵیدا دەگونجێ؛ چونکە کۆلۆنییەکانی لە کیس چووە، تایبەتمەندیی ئیمپێریالیستییەکەی دامرکاوە و ئێستا پێکهاتەکەی بەتەواوی «نەتەوەیییە». بەڵام وەک سەرچەشن، زیاتر دەڕوانینە دەوڵەتەکانی بەریتانیا و ئەڵمانیا، چونکە بناغەی ئەوان لە سەر سەرکوتکردنی نەتەوەکانی تر لە ئەورووپا و بە گشتی لە دونیادا دانراوە ـ هەروەها ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش کە داغی خوێنڕشتنی ڕەشپێستەکانی هەر بە ناوچاوانەوەیە و ئێستا بەدوای کۆیلەکردنی خەڵکی ئاسیاشەوەیە. ئەو خشتەیەی خوارەوە حەزی ئیمپێریالیستیی داگیرکردنی نەتەوەکان نمایش دەدات. ژمارەکان نیشان دەدات ڕێژەی خەڵکی سەرکوتکراوی کۆلۆنییەکان ئی کام وڵاتن.

گەورەترین ژمارەگەلێک وا باس کراوە، کە نزیکەی پێنسەد میلیۆن کەس لە خۆ دەگرێت، دەبێ بە کۆی یەکجار زۆری ئەو وڵاتانە زێدەکرێت کە وەک کۆلۆنی دانەنراون، بەڵکوو لە ڕاستیدا یەکسەر پێبەند و ملکەچی دەوڵەتە

ئەورووپییەکانن، دوای ئەوەش دەبێ ئەو کۆی گشتییانە دابەش بکەین بەسەر نەتەوەگەل و گرووپگەلێکی ئێتنیکی بێهەژمار تا ئەو ئایدیایە ڕوون بکەینەوە کە ئیمپێریالیزمی سەرمایەداری چ کاریگەرییەکی لە سەر چارەنووسی نەتەوەکان و توانای ئەوان بۆ «بەڕێوەبردنی خۆیان» هەبووە.

| وڵاتەکان/کیشوەرەکان | لە ئاسیا | لە ئافریقا | لە ئەمەریکا | لە ئۆستڕالیا |
|---|---|---|---|---|
| بەریتانیای گەورە | 361445000 | 40028000 | 7557300 | 5811000 |
| فەڕانسا | 18073000 | 31500000 | 428819 | 89000 |
| ئەڵمانیا | 120041 | 11447000 | ———— - | 448000 |
| هۆڵەندا | 37734000 | ———— - | 142000 | ———— - |
| بەلژیکا | ———— | 19000000 | ----------- | ———— - |
| دانیمارک | ———— | ------------- | 42422 | ———— - |
| ئیسپانیا | ———— | 291000 | ---------- | ———— |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| پورتوگال | 810000 | 6460000 | ---------- | ________ - |
| ئەمەریکا | 7635426 | ------------ | 953243 | 13000 |

بێگومان مێژووی پەرەگرتنی کۆلۆنیالیزمی سەرمایەداری، حەزی تا ڕادەیەک دژبەرانەی دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی یاسایی و دواتر سیاسیی وڵاتە کۆلۆنییەکان نیشان دەدات. مێژووی جیابوونەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ئینگلترا لە کۆتایی سەدەی هەژدەدا و ئی وڵاتەکانی ئەمەریکای باشوور لە ئیسپانیا و پورتوگال لە دەیەکانی بیست و سیی دوایین سەدە، هەروەها گرتنی سەربەخۆیی لەلایەن وڵاتی ئۆستڕالیا لە بەریتانیا، جوانترین نوێنەری ئەو حەزەن. بەڵام شرۆڤەکاریی وردتری ئەو ڕووداوانە دەسبەجێ هەلومەرجی تایبەتیی سەرچاوەکانی ڕوون دەکاتەوە. هەردووک ئەمەریکای باشوور و باکوور تا سەدەی نۆزدە، قوربانیی سیستەمی هێشتاسەرەتایی بەڕێوەبەرایەتی کۆلۆنی بوون کە زیاتر لە سەر بنەمای تاڵانکردنی وڵات و سەرچاوە سروشتییەکانی بۆ پڕکردنی خەزێنەی دەوڵەتە ئەورووپییەکان بوو تا چەوساندنەوەی پاساوهەڵگر بۆ بەرژەوەندیی وەبەرهێنانی سەرمایەداری. لەو بابەتانەدا مەبەست تەواوی وڵاتێک بوو کە خاوەنی هەموو مەرجەکانی گەشەکردنی سەربەخۆی سەرمایەداری بوو و بە پساندنی زنجیرە ڕزیوەکانی بەسراوەیی (و بندەستیی) سیاسی، ڕێگەی خۆی دەدۆزییەوە. هێزی ئەو پاڵنەرە سەرمایەدارییە لە ئەمەریکای باکوور، کە ژێردەستی ئینگلترا بوو، زۆر بەتواناتر بوو، بەڵام ئەمەریکای باشوور، کە

(سیستەمی ئابوورییەکەی) تا ئەو کاتە پتر کشتوکاڵی بوو، خۆڕاگرییەکی گەلێک لاوازتری لە لایەن ئیسپانیا و پورتوگالەوە، کە لەبواری ئابوورییەوە دواکەوتوو بوون، تووش هات. ئاشکرایە کە سەرچاوەی هەڵکەوتووی سامانە سروشتییەکان لە هەموو کۆلۆنییەکاندا باو نییە. لە لایەکی ترەوە سیستەمی کۆلۆنیالیزمی ئەوکات، بندەستبوونێکی خوڵقاند، کە لە چاو ڕابردوو، بنەڕەتیتر بوو. بەڵام دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی لە لایەن کۆلۆنییەکانی ئەمەریکایی، بندەستبوونی نەتەوەیی ئەوانی نەفەوتاند، بەڵکوو تەنیا بۆ نەتەوەیەکی تر ڕایگواست ـ واتە تەنیا ڕۆڵەکەی گۆڕی. لەپێشدا باسی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەکەین: (هێزی) بنچینەی ڕزگاریخوازی لە دەسەڵاتی ئینگلترا، نەتەوەیەکی بیانی نەبوو، بەڵکوو، هەر ئەو کۆچبەرە ئینگلتراییانە بوون کە لە ئەمەریکا، ماڵەکانیان لە سەر کەلاوە و تەرمی سوورپێستەکانی خۆجێیی ئەوێ دانابوو ـ ئەڵبەت ئەو بابەتە سەبارەت بە کۆلۆنیەکانی ئۆستڕالیای ئینگلتراش هەر ڕاستە و لەوێش بەڕەچەڵەک ئینگلیزییەکان ٩٠% جەماوەری ئەوێ پێک دێنن. ئەمڕۆکە ئەمەریکا سەرقافڵەی ئەو نەتەوانەیە کە خەریکی داگیرکردنی ئیمپێریالیستین. هەر بەو شێوەیەش بەڕازیل، ئارجەنتین و کۆلۆنییەکانی تری پێشوو کە ڕەگەزی سەرەکی ئەوانیش کۆچبەرانن ـ پورتوگالی و ئیسپانیۆلی ـ بەر لە هەموو شتێک بۆ ئەوەی دەست بە سەر سەوداومامەڵەی ڕەشپێستاندا بگرن تا لە زەوییە کشتوکاڵییەکانیان کاریان لێ بکێشن و دوای ئەوەش بۆ ئەوەی هەموو کۆلۆنییە لاوازەکانی ناوچەش بەخۆیانە بلکێنن، سەربەخۆییان لە وڵاتە ئەورووپییەکان وەدەس گرت. لە وڵاتی هیندستانیش زۆرتر هەر هەلومەرجێکی ئاوا لەگۆڕێ دایە؛ لەوێش لەو دوایانەدا بزووتنەوەیەکی تاڕادەیەک جیددیی «نەتەوایەتی» دژی ئینگلترا دەرکەوتووە. خۆی بوونی

هیندستان لە ناو هەژمارێکی زۆر لە نەتەوەکان بەو هەموو پلە جیاوازە کۆمەڵایەتییە و ئاستە جۆراوجۆرەی گەشەکردنی شارستانییەت و هەروەها پێکەوەبەسراوەبوونی دوولایەنەی نێوانیان، دەبێ ئاگادارمان کاتەوە کە دووری بکەین لە لێکدانەوەی بەپەلەی بزووتنەوەی هیندییەکان و بەسادەیی نەیخەینە ژێر سەردێڕی «مافەکانی نەتەوە».

شیکاریی وردتری ئەو ئاوارتە بەرچاوانە، ئەو ئەنجامە دەسەلمێنن کە گەشەکردنی مۆدێڕنی سەرمایەداری لەگەڵ سەربەخۆیی ڕاستەقینەی هەموو نەتەوەکان یەکتر ناگرنەوە.

ڕاستە ئەگەر کاتی باسکردن سەبارەت بە بابەتی نەتەوایەتی، پرسی دابەشکارییە کۆلۆنییەکان نەخەینە بەر چاو، کێشەکە زۆر ساکارتر دەبێتەوە. ئەو تەکنیکە، جا لەڕووی زانین یان نەزانینەوە بێت، زۆرجار لە لایەن لایەنگرانی «مافی نەتەوایەتییەکان» بە کار دێنرێ؛ هەروەها لەگەڵ ئەو هەڵوێستەی سیاسەتی کۆلۆنیایی ڕێک دەکەوێ کە بۆ نموونە لە لایەن ئێدوارد داڤید[94] لە سۆشیال دیموکراسیی ئەڵمانیا یان ڤۆن کۆل[95] لە هۆڵەندا گیراوە. ئەو هەڵوێستە بە گشتی، کۆلۆنیالیزم وەک بەکردەییکردنی کارگێڕیی بەشارستانیکردنی خەڵکی ئەورووپا، تەنانەت لە ڕژێمی سۆشیاڵیستیشدا، بە ڕێگەی ناچار دەبینێ. دەکرێ ئەو ڕوانگەیە بە کورتی وەک کەڵکوەرگرتنی «ئەورووپا» لە پرەنسیپی فەلسەفیی فیختە[96] لە شیکردنەوەی بەناوبانگی لودویگ برۆن[97] دانرێ (کە دەڵێ): «من خۆمم ـ هەر شتێک لە دەرەوەی منە

[94] Eduard David
[95] Von Kol
[96] Fichte
[97] Ludwig Brone

بە مانای ژیانە[98]». ئەگەر تەنیا خەڵکی ئەورووپی وەک شیاوی نەتەوە ببینرێن و خەڵکی کۆلۆنییەکان وەک «کۆمەڵی دابینکردن[99]»، کەوابوو بۆمان هەیە کۆوشەی «دەوڵەت_نەتەوە» لە ئەورووپا بۆ وڵاتانێکی وەک فەڕەنسا، دانیمارک یان ئیتاڵی بەکاربهێنین و دەکرێ کێشەی نەتەوایەتی تەنیا لە چوارچێوەی ڕەهەندە ناو ـ ئەورووپییەکاندا سنووردار بکەین. بەڵام لێرەدا «مافی نەتەوەکان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆ» دەبێتە تیۆریی ڕەگەزە دەسەڵاتدارەکان و بە ئاشکرایی دژی سەرچاوەکەی خۆی هەڵدەگەڕێتەوە کە ئایدیۆلۆجیاکانی لیبێڕالیزمی بۆرژواییە، جا بە (هەموو) کەموکووڕیی[100] «ئەورووپیی» خۆیەوە. لە بۆچوونی سۆشیاڵیستەکاندا مافێکی ئاوا بەشێوەی سروشتی، دەبێ تایبەتمەندی گشتی و جیهانی هەبێت. بەئاگابوون لەو پێویستییە بەسە بۆ ئەوەی پیشانی بدات ئاواتی گەیشتن بەو «مافە» لەسەر بنەمای ئەو دۆخەی ئێستا، تەنیا وەک یۆتۆپیا وایە و دژبەریی ڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ حەزی گەشەکردنی سەرمایەداری، کە سۆشیال دیموکراسی هەبوونی خۆی لە سەر بنەمای ئەو داناوە. هەوڵی گشتی بۆ دابەشکردنی هەموو دەوڵەتەکانی ئێستاکە بەسەر دەوڵەتگەلی بچووکدا، ئەگەر بە لەبەرچاوگرتنی مێژوو باسی بکەین، بەتەواوی پووچە و کارێکی کۆنەپەرستانەیە.

## VI

فۆڕمۆلی «مافی نەتەوەکان» بۆ هەڵسەنگاندنی هەڵوێستی سۆشیاڵیستەکان لە سەر پرسی نەتەوایەتی، فۆڕمۆلێکی شیاو و گونجاو نییە، نەک هەر لەبەر

98 Ich bin ich – was ausser mir ist Lebensmittel
99 Supply Depots
100 Cretinism

ئەوەی ناتوانێ پانتایی بەرینی ئەو هەلومەرجە مێژووییانە (کات و شوێن) کە لە هەر بابەتێکدا هەن بخاتە بەر چاو و بۆی ناکرێ ڕەوتی گشتیی گەشەکردنی هەلومەرجە جیهانییەکان بێنێتە هەژمار، بەڵکوو لەبەر ئەوەش کە تیۆریی بنەڕەتیی سۆشیالیستە نوێیەکانیش ـ واتە تیۆریی چینە کۆمەڵایەتییەکان ـ تەواو پشت گوێ دەخات.

کاتێک باسی «مافی نەتەوەکان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆ» دەکەین، چەمکی «نەتەوە» وەک دیاردەیەکی یەکدەستی سیاسی و کۆمەڵایەتی[101] بەکاردێنین. بەڵام لە ڕاستیدا مانایەکی ئاوا لە «نەتەوە»، یەکێک لەو بابەتانەی ئایدیۆلۆژیای بورژواییە کە تیۆریی مارکسیستی هێنایە ژێر پێداچوونەوەی بنەڕەتی و دەریخست کە چۆن ئەو سەرپۆشە تەماوییە، ڕێک وەک چەمکی «ئازادیی شاروومەندان»، «یەکسانی لە هەمبەر یاسا» و شتی تر، لە هەر کامیاندا ناوەڕۆکێکی ئاشکرای مێژوویی دادەپۆشێ.

لە کۆمەڵگای چینایەتیدا، چەمکی «نەتەوە» وەک دیاردەیەکی یەکدەستی کۆمەڵایەتی ـ سیاسی، بوونی نییە. بەڵکوو لە ناو هەر نەتەوەیەکدا چینگەلێک هەن کە خاوەنی «ماف» و بەرژەوەندیی هاوناکۆکن. بەڕاستی هیچ ناوچەیەکی کۆمەڵایەتی ـ لە ڕەقترین پێوەندیگەلی مادییەوە بگرە تا نەرمترین پێوەندیگەلی دەروونی ـ بوونی نییە کە لەودا چینە خاوەنەکان و پرۆلیتاریای بەئاگا لە چینایەتی ڕوانینێکی یەکشێوەیان هەبێت و وەک بوونەوەرێکی یەکپارچەی نەتەوەیی دەرکەون. لە بازنەی پێوەندییە ئابوورییەکاندا چینە بوورژواکان نوێنەری بەرژەوەندیی چەوساندنەوەن و پرۆلیتاریاش ئی بەرژەوەندیی کار. لە بازنەی پێوەندییە

---

[101] Homogeneous Social and Political Entity

یاساییەکاندا بەردی بناغەی کۆمەڵگای بۆرژوای، خاوەنبوونی تاکەکەسییە[102]؛ بەرژەوەندیی پرۆلیتاریا خوازیاری ڕزگارکردنی مرۆڤی بێ موڵک و ماڵە لە دەس (هێز و) دەسەڵاتی موڵک و ماڵ. لە پێگەی دادوەریشدا کۆمەڵگای بوورژوای نوێنەری دادوەریی چینایەتییە، واتە دادی تێروتەسەلان و دەسەڵاتداران دەپرسێ؛ پرۆلیتاریاش لە پرەنسیپی لەبەرچاوگرتنی کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکان لە سەر تاک، واتە مرۆڤبوون، پشتیوانی دەکات. بورژوازی لە پێوەندیی نێونەتەوەییدا، نوێنەری سیاسەتی شەڕ و دابەشکاری و لە قۆناغی ئێستاشدا، ئی سیستەمی بازرگانیی شەڕە؛ بەڵام پرۆلیتاریا خوازیاری سیاسەتی ئاشتیی جیهانی و بازرگانی ئازادە. لە بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکان و فەلسەفەشدا، ڕێبازی ئەندێشەی بۆرژوای و ئەوانەی نوێنەری پرۆلیتاریان، دژایەتییەکی توندوتیژیان لەگەڵ یەکتر هەیە. چینە خاوەنەکان ڕوانگەی خۆیان هەیە و لە لایەن ئایدیالیزم، مێتافیزیک، عیرفان[103] و هەڵبژاردەخوازی[104]یەوە نوێنەرایەتی دەکرێن و پرۆلیتاریای نوێش تیۆریی خۆی هەیە، کە هەمان ماتریالیزمی دیالێکتیکە. تەنانەت لە بواری هەلومەرجە بەناو جیهانییەکانیش - وەک ئەخلاق، ڕوانگە هونەرییەکان و هەڵسوکەوتەکان - بەرژەوەندی، جیهانبینی و ئایدیالەکانی بۆرژوای و پرۆلیتاریای ڕووناکبیر، نوێنەری دوو وارگەن کە بە کەندەڵانێکی قووڵ لێک جیا بوونەتەوە. هەرکات هەوڵی فەرمی و بەرژەوەندییەکانی پرۆلیتاریا و بۆرژوای (چ وەک کۆیەکی گشتی یان لە لایەن بەشە پێشڕەوەکانیانەوە) وەک یەک بچن - بۆ نموونە لە باسی حەزە

[102] Private Property
[103] Mysticism
[104] Eclecticism

دێمۆکراتیکەکاندا ـ لەژێر ئەو لێکچوونەی شێوە و دروشمەکان، زۆرترین ئاستی دژایەتیی ناوەرۆک و سیاسەتە بنەڕەتییەکان خۆی هەشار داوە.

لێرەدا ناکرێ هیچ باسێک لە خواستی[105] هاوبەش و هاوشێوە سەبارەت بە دیاریکردنی چارەنووسی «نەتەوە» لە کۆمەڵگایەکدا کە بە شێوەیەکی ئاوا پێک هاتبێ، بوونی هەبێت. ئەگەر لە مێژووی کۆمەڵگا نوێیەکاندا بزووتنەوەی «نەتەوەیی» یان خەبات بۆ بەرژەوەندیی نەتەوەییش بدۆزینەوە، زۆربەی ئەوانە بزووتنەوەی چینایەتیی چینی دەسەڵاتداری بۆرژواین کە لە هەموو بابەتەکاندا دەتوانن نوێنەری بەرژەوەندیی چینەکانی تری جەماوەر بن، تەنیا تا جێیەک کە لە ژێر ڕواڵەتی «بەرژەوەندیی نەتەوەیی» پشتیوانی لە شێوەگەلی پێشڕەوی گەشەکردنی مێژوویی دەکات و تا ئەو کاتەی چینی کرێکار خۆی وەکوو چینێکی سەربەخۆی ڕووناکبیر، لە ناو کۆی گشتیی «نەتەوە»دا (کە بۆرژوای ڕێبەرایەتییان دەکات) نەناسیوەتەوە.

لەو مانایەدا بۆرژوایی فەڕەنسا مافی ئەوەی هەبوو کە وەک پلەی سێیەم لە شۆڕشی گەورە[106]دا، بە ناوی خەڵکی فەڕەنساوە بێتە پێش و تەنانەت بۆرژوایی ئەڵمانیاش لە ساڵی ١٨٤٨دا دەیانتوانی هێشتا خۆیان تا ڕادەیەکی زۆر وەک نوێنەری «نەتەوەی» ئەڵمانیا لە قەڵەم بدەن ـ هەرچەند **مانیفێستی کۆمۆنیست** و لە بەشێکیشدا **ڕۆژنامەی ڕاینیی نوێ** تا ئەو کاتە سیاسەتی چینایەتیی جیاوازی پرۆلیتاریایان لە ئەڵمانیادا خستبووە ڕوو. لە هەردوو بابەتدا ئەوە تەنیا بەو مانایەیە کە سەرنجی چینایەتیی

---

[105] Will
[106] The Great Revolution

شۆڕشگێڕیی بۆرژوای لەو قۆناغەی پەرەگرتنی کۆمەڵایەتیدا، سەرنجی ئەو چینە لە خەڵکە کە هێشتا لەگەڵ بۆرژوای، شێوەی جەماوەرێکی یەکدەستی سیاسییان لە پێوەندی لەگەڵ فیۆدالیزمی دەسەڵاتدارەوە هەیە.

ئەو دۆخە نیشانی دەدات کە چەمکی «مافی نەتەوەکان»، ناتوانێ پێوەرێک بێت بۆ هەڵسەنگاندنی هەڵوێستی پارتی سۆشیالیست لە هەمبەر پرسی نەتەوایەتی. خۆی بوونی ئەو پارتە دەیسەلمێنێت کە بۆرژوای *چیتر* نوێنەری هەموو جەماوەری خەڵک *نییە* و چینی پرۆلیتاریا چیتر لە ژێر چارشێوی بۆرژوای خۆی ناشارێتەوە، بەڵکوو وەک چینێکی سەربەخۆ کە خاوەنی حەز و ئاواتی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆیەتی، خۆی جیاکردووەتەوە. چونکە چەمکگەلێکی وەک «نەتەوە»، «ماف» و «خواست و ئیرادەی خەڵک»، وەک چەمکگەلێکی یەکدەستی گشتیی، هەر وەک لەوە پێش باسمان کردووە پاشماوەی سەردەمانی دژایەتی پێنەگەیشتووانە و بێئاگایانەی نێوان پرۆلیتاریا و بۆرژواین، بەکارهێنانی ئەو بابەتانە لە لایەن پرۆلیتاریای ڕێکخراوی سەربەخۆی بەئاگا لە چینایەتییەوە، لێکدژییەکی[107] زۆر سەیر و سەمەرەیە - نەک لێکدژی لەگەڵ مەنتقی ئاکادێمیک بەڵکوو لێکدژیی *مێژووییە*.

پارتی سۆشیالیست سەبارەت بە پرسی نەتەوایەتی لە کۆمەڵگای هاوچەرخدا دەبێ دژبەریی چینەکانیش ڕەچاو بکات. پرسی نەتەوایەتی **چێک**، بۆ لایەنی وردەبۆرژوایی لاوانی **چێکی**[108] شتێکە بۆ پرۆلیتاریای چێک شتێکی تر. هەروەها ناشتوانین تەنیا یەک ڕێگەچارە بۆ پرسی نەتەوایەتیی

---

[107] Contradiction

[108] The young Czech petite bourgeoisie

پۆڵەندا بۆ **کۆشیێلسکی**[109] و کوڕە کاردارەکەی لە **میرۆسلاوی**[110]، بۆ بورژوازیی **وەرشەو**[111] و **لۆدز**[112] و بۆ کرێکارانی لەچینایەتی بەئاگای پۆڵەندی لە یەک کاتدا بدۆزینەوە؛ لە کاتێکدا پرسی جووەکان لە مێشکی جووەکانی بۆرژوای جۆرێک فۆڕمۆلە دەکرێ، بۆ جووەکانی پرۆلیتاریای ڕووناکبیر جۆرێکی ترە. پرسی نەتەوایەتی بۆ **سۆشیال دیموکراسی**، وەک هەموو پرسە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی تر لە بنەڕەتدا *پرسی بەرژەوەندیی چینایەتییە*.

لە ئەڵمانیای دەیەی ١٨٤٠دا جۆرێک سۆشیاڵیزمی عیرفانیی پڕتینوگوڕ هەبوو، واتە «سۆشیاڵیستە ڕاستەقینەکان[113]»ی کارل گرون[114] و مووسا هێس[115]؛ بەدوای ئەودا لە پۆڵەنداش هەر ئەو جۆرە سۆشیاڵیزمە لە لایەن لیمانۆفسکی[116]یەوە نوێنەرایەتی دەکرا. دوای دەیەی ١٨٤٠ لە پۆڵەندا وێنەیەکی **سپارتیی**[117] هەر لەو لایەنە دەرکەوت ـ تەمەشای گۆڤاری گەلی پۆڵەندا (Lud Polski) لە سەرەتای دەیەی ١٨٧٠ و Pobudka (شەیپووری لەخەو هەستان) لە کۆتاییەکانی ئەو دەیەیە بکەن. ئەو سۆشیاڵیزمە بۆ هەر شتێک کە چاک و جوان ببوایە تێدەکۆشا. و لیمانۆفسکی ـ کە دواتر بوو بە ڕێبەری PPS ـ لە سەر ئەو بنەمایە هەوڵی دا سۆشیاڵیزمی پۆڵەندی و ئەرکی ئاوەدانکردنەوەی پۆڵەندا پێکەوە تێکەڵاو بکات، بەو تێبینییەوە کە سۆشیاڵیزم ئایدیایەکە بە ئاشکرایی جوانە و نیشتمانپەروەریش لە جوانیدا

---

[109] Koscielski
[110] Miroslawie شارێکە لە پۆڵەندا
[111] Warsaw
[112] Lodz
[113] True Socialists
[114] Karl Grun
[115] Moses Hess
[116] Limaniwski
[117] Spartan edition

چی لەو کەمتر نییە، کەوابوو «بۆچی دوو بیرۆکەی ئاوا جوان نابێ ڕێک بکەون»؟

تەنیا شتی ساغ و سلامەت لەو سۆشیالیزمە پڕتینوگوڕەدا ئەوەیە کە (ئەو سۆشیالیزمە) لاساییکردنەوەیەکی یۆتۆپیاییە لە بیرۆکەیەکی دروست کە (دەڵێ) سیستەمی سۆشیالیستی، وەک حەز و ئاواتەکانی کۆتایی پرۆلیتاریا، بۆ یەکەم جار لە مێژوودا، سوێندی خواردووە بە لەناوبردنی بالادەستیی چینایەتی، پێگەیشتن بە بەرزترین ئایدیالەکانی مرۆڤایەتی گەرەنتی بکات.

ئەوە بەڕاستی ناوەرۆک و مانای بنچینەیی ئەو پڕەنسیپە بوو کە لە بەرنامەی کۆنگرەی نێونەتەوەیی شاری لەندەن (ساڵی ١٨٩٦) خرایە ڕوو. «مافی نەتەوەکان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆ» تەنیا لە ڕژیمێکی کۆمەلایەتیدا لە کلێشەبوون ڕزگار دەبێ کە لەودا «مافی کار» تەنیا وەک قسەیەکی (یان بەڵێنێکی) پووچی لێ نەهاتبێ. ڕژیمێکی سۆشیالیستی کە نەک زاڵبوونی چینێک بەسەر چینەکانی تردا، دەسڕێتەوە، بەڵکوو خودی هەبوونی چینە کۆمەلایەتییەکان و دژایەتییان و خودی دابەشکردنی کۆمەڵگا بە بەرژەوەندی و خواستی جیاوازیش لە ناو دەبات و کۆمەڵگایەک دەخولقێنێ کە لە کۆی ئەو تاکانە پێک هاتووە وا بە هاوئاهەنگی و یەکپارچەیی بەرژەوەندییەکانیانەوە بەیەکەوە بەسراونەتەوە و بوونەتە کۆمەڵێکی یەکڕەنگ بە خواستی هاوبەش و ڕێکخراو و هەروەها توانای دەستەبەرکردنی ئەو خواستەش. ڕژیمی سۆشیالیستی ـ تا کاتێک کە نەتەوەکانی ناو ئەو ڕژیمە بەگشتی چەند ئۆرگانیزمی کۆمەلایەتی جیاجیا پێک دێنن، یان وەک کائوتسکی دەڵێ پێکەوە یەک ئۆرگانیزم پێک دینن ـ و ئەو مەرجە مادییانەی ببێ کە بەوان بتوانێ بە تەنیا خۆی بەڕێوە ببات،

«نەتەوە» ڕێک وەک خواستێکی (یان ئیرادەیەکی) یەکڕەنگ پێک دێنێ. بە کورتی، کۆمەڵگا کاتێک بە ئازادی دەتوانێ بوونی نەتەوەیی خۆی بچەسپێنێ کە توانای چەسپاندن و دیاریکردنی بوونی سیاسیی خۆی و مەرەجەکانی بەدیهێنانی ئەو بوونەی هەبێت. ئەگەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بتوانن هەوساری پرۆسە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان بە دەست بگرن، «نەتەوەکان»یش بوونی مێژوویی خۆیان دەستەبەر دەکەن (واتا ئەو بوونە دەچەسپێنن).

بەو پێیە هاوسەنگییەک کە پارتیزانەکانی «مافی نەتەوەکان بۆ دیاریکردنی چارەنووس» لە نێوان ئەو «مافە» و هەموو خواستە دێمۆکراتیکەکان دایدەنێن ـ وەک مافی ڕادەربڕینی ئازاد، چاپەمەنیی ئازاد و ئازادیی کۆڕ و کۆبوونەوەکان ـ بەتەواوی ناشیاوە. ئەو کەسانە دەڵێن بۆیە پشتیوانی لە ئازادیی کۆبوونەوەکان دەکەین چونکە ئێمە پارتی ئازادیی سیاسین؛ بەڵام لەگەڵ ئەوەش بەرهەڵستی پارتە بوورژوا دژبەرەکانیش دەبینەوە. هەروەها دەڵێن ئەرکی دێمۆکراتیکی ئێمە ئەوەیە کە پشتیوانی لە خۆبەڕێوەبەریی نەتەوەکان بکەین ، بەڵام ئەو ئەرکە ناچارمان ناکات کە پشتیوانی لە هەر جۆرە تەکتیکێکی تاکەکەسیی ئەو کەسانە بکەین کە بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووس خەبات دەکەن.

ئەو ڕوانگەیەی سەرەوە بەتەواوی ئەو حەقیقەتە لە بیر دەکات کە ئەو «مافانە» هەرچەند لێکچوونییەکی ڕواڵەتیی تایبەتیان هەیە، بەڵام لە چەند ئاستی مێژوویی تەواو جیاوازدا هەڵکەوتوون. مافی کۆڕ و کۆبوونەوە، ئازادیی ڕادەربڕین، ئازادیی چاپەمەنی و شتی وا، چوارچێوەی یاسایی هەبوونی کۆمەڵگایەکی بۆرژوایی پێگەیشتووە. بەڵام «مافی نەتەوەکان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆ»، تەنیا فۆرمۆلەکردنێکی مێتافیزیکییە لەو بیرۆکەیە کە لە

کۆمەڵگای بۆرژوایدا هەر بوونیشی نییە و تەنیا بەپێی بنەمای ڕژیمێکی سۆشیالیستییە کە دەستەبەر دەکرێ.

سۆشیالیزم هەروەک ئێستاش بەڕێوەدەچێ، هەرگیز کۆمەڵێک لەو ئاواتە «بەڕێز» و «جوانە» خەیاڵییانە نییە بەڵکوو تەنیا دەربڕینێکی سیاسییە لە مەرجگەلێکی چاکپێناسەکراو، واتا شەڕی چینی پرۆلیتاریای مۆدێڕن دژی دەسەڵاتداریی بۆرژوای. سۆشیالیزم واتا تێکۆشانی پرۆلیتاریا بۆ چەسپاندنی دیکتاتۆریی چینەکەی خۆی بۆ ئەوەی لە دەست شێوەی ئێستاکەی وەبەرهێنان ڕزگار بێت. ئەو ئەرکە ئەرکی سەرەکی و ڕێنیشاندەری پارتی سۆشیالیستی یان هەمان پارتی پرۆلیتاریایە، واتە: بە ڕەچاوکردنی چەندین کێشەی ژیانی کۆمەڵایەتی، هەڵوێستی ئەو پارتە دیاری بکات.

سۆشیال دیموکراسی پارتی چینی پرۆلیتاریایە. ئەرکی مێژوویی (هەمیشەیی) ئەو، ڕوونکردنەوەی بەرژەوەندیی چینەکە و بەرژەوەندییەکانی شۆڕشگێڕیی لە گەشەکردنی کۆمەڵگای سەرمایەداری بۆ گەیشتن بە سۆشیالیزم بووە. کەوابوو ئەرکی سۆشیال دیموکراسی دەستەبەرکردنی مافی نەتەوەکان بۆ دیاریکردنی چارەنووس نییە، بەڵکوو (تێکۆشان بۆ) دەستەبەرکردنی مافی چینی کرێکاری چەوساوە و بندەستی پرۆلیتاریایە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان؛ سۆشیال دیموکراسی هەموو پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بەبێ جیاوازی لەو هەڵوێستەوە هەڵدەسەنگێنێ و هەر لەو ڕوانگەیەشەوەیە کە خواستە بەرنامەییەکانی خۆی فۆرمۆلە دەکات. سۆشیال دیموکراسی بە پێی ڕوانینی خۆی سەبارەت بە دیاریکردنی چارەنووس، نە لە پرسی ئەو چوارچێوە سیاسییانەی وا لە دەوڵەتدا داوای دەکەین، لە هیچ کام لە پرسگەلی سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی دەوڵەت، یاسا، پەروەردە،

ماڵیات یان نیزامیدا، ڕێگە نادات بە «نەتەوە» کە لە سەر چارەنووسی خۆی بڕیار بدات. هەموو ئەو پرسانە بەرژەوەندیی چینی پرۆلیتاریا بە جۆرێک دەخەنە ژێر کاریگەریی خۆیان، کە پرسی بوونی نەتەوەیی‌سیاسی و نەتەوەیی‌فەرهەنگی (هەرگیز) نایخات. بەڵام لە نێوان ئەو پرسانە و پرسگەلی نەتەوەیی‌سیاسی و نەتەوەیی‌فەرهەنگی، نزیکترین پێوەندیی بەیەکبەندبوون و هۆکاریی دوولایەنە[118] بوونی هەیە. هەر بۆیەش سۆشیال دیموکراسی ناتوانێ لە پێویستبوونی فۆڕمۆلەکردنی دانەدانەی ئەو خواستانە چاوپۆشی بکات و چالاکانە داواکاری چوارچێوەگەلێک بۆ بوونی سیاسی ـ نەتەوەیی و سیاسیی ـ فەرهەنگی نەبێ کە باشترین گونجاوی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی پرۆلیتاریا و خەباتی چینایەتیی ئەو، لەو کات و شوێنەدا، هەروەها لەگەڵ بەرژەوەندیی گەشەکردنی شۆڕشگێڕیی کۆمەڵگادا هەیە. سۆشیال دیموکراسی ناتوانێ لێگەڕێ «نەتەوەکان» ئەو پرسانە چارەسەر بکەن.

ئەگەر پرسەکە لە هەوری زەین و خەیاڵەوە بێنینە سەر هەلومەرجە هەستەکییەکانی سەرزەوی، بابەتەکە تەواو ڕوون دەبێتەوە.

دەشێ «نەتەوە» خاوەنی «مافی» دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بێ. بەڵام ئەو نەتەوەیە کێیە و کێ دەسەڵات و «ماف»ی ئەوەی هەیە کە لە لایەن ئەوەوە قسە بکات و خواستی ئەو بدرکێنێ؟ چۆن دەکرێ بزانین «نەتەوە» بەڕاستی چی دەوێ؟ ئایا تەنانەت یەک پارتی سیاسیش، لە ناو ئەو هەموو پارتەی تردا، هەیە کە نەڵێ تەنیا منم کە ڕاگەیێنەری ڕاستەقینەی خواستی «نەتەوە»م بەڵام هەموو پارتەکانی تر شێوەیەکی

[118] Closest Ties Of Mutual Dependence And Causality

هەڵە و لاڕێ لە خواستی نەتەوەیی ڕادەگەیێنن؟ هەموو پارتە لیبێڕالە بوورژواکان خۆیان وەک هێمای خواستی خەڵک دادەنێن و و ئیدعا دەکەن مافی قۆرغکراوی تایبەتی ئەوانە کە نوێنەری «نەتەوە» بن. بەڵام پارتە پاشبڕۆ[119] و کۆنەپارێز[120]ەکانیش هەر بەوجۆرە ئامارە بە خواست و بەرژەوەندییەکانی نەتەوە دەکەن و (هەڵبەت) لە چوارچێوەیەکی تایبەتدا مافێکی کەمتریان بۆ ئەو ئیدعایە نییە. شۆڕشی گەوری فەرەنسا بێگومان درکاندنی خواستی نەتەوەی فەرەنسی بوو، بەڵام ناپۆلیۆن[121] کە بە کۆدەتای خۆی لە 18ی برووم‌ێر[122]دا ئەنجامی شۆڕشی (لەدەس خەڵک) ڕفاند، (بەقسەی خۆی) تەواوی دەوڵەتی خۆی لە سەر بنەمای خواستی گشتی ( la volonte generale) دانا.

لە ساڵی ١٨٤٨دا خواستی «نەتەوە» لە پێشدا کۆمار و دواتر دەوڵەتی کاتی و ئەنجا ئەنجومەنی نەتەوەیی دروست کرد، بەڵام لە ئاکامدا لوویی بۆناپارت، تەختی کۆمار و دەوڵەتی کاتی و (تەنانەت) ئەنجومەنی نەتەوەییشی وەرگەڕاند. لەکاتی شۆڕشی ڕووسیا، لیبێڕالیزم بە ناوی خەڵکەوە داوای وەزارەتی «کۆلێژی ئەفسەری»[123] دەکرد؛ زۆرداریگەری، بەناوی هەمان خەڵکەوە، ڕەشەکوژی جووەکانی ڕێک دەخست لە کاتێکدا کە دێهاتییە شۆڕشگێڕەکان خواستی نەتەوەیی خۆیان بە ئاگرتێبەردان لە ماڵ و سامانی خان و خانزادەکان پیشان دەدا. لە پۆڵەندا پارتی ناسیۆنال دیموکراسیی بڵەک هاندرێدز[124] ئیدعای ئەوەی بوو هەمان خواستی خەڵکە و

---

[119] Reactionary
[120] Conservative
[121] Napoleon
[122] Brumaire
[123] Cadet Ministry
[124] Black Hundreds

بەناوی «دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوە» کرێکارانی نەتەوەیی هان دەدا ڕەگەڵ کرێکارانی سۆشیالیست بکەون.

کەوابوو هەر ئەو شتەی کە بە سەر ئاڵقەی ڕاستەقینە[125]ی چیرۆکی ناتانی عاقڵ[126]ی لێسینگ[127]دا هات، بە سەر خواستی ڕاستەقینەی نەتەوەشدا دێت: ئەو ئاڵقەیە بزر ببوو و وێنەدەچوو کەس بیدۆزێتەوە یان کەس بتوانێ ئاڵقە ڕاستەقینەکە لە درۆیین جیا کاتەوە. لە ڕواڵەتدا بنەمای دیموکراسی ڕێگەیەک دابین دەکات بۆ لێککردنەوەی خواستی ڕاستەقینەی خەڵک لەڕێگای ڕوونکردنەوەی ڕای زۆرینە.

نەتەوە ئەو شتەی دەوێت کە زۆرینەی خەڵک دەیانەوێت. بەڵام نەفرەت لە پارتێکی سۆشیال دێمۆکڕاتیک کە ئەو بنەمایە وەک پێوەری خۆی دانێ: ئەو کارە بێگومان خودی سۆشیال دیموکراسی وەک پارتێکی شۆڕشگێڕی، مەحکووم دەکات. سۆشیال دیموکراسی لە گەوهەری خۆیدا پارتێکە کە نوێنەری بەرژەوەندیی زۆرینەی هەرە زۆری نەتەوەیە. بەڵام بە هۆی ئەوەی هاوکات لە کۆمەڵگای بوورژواشدا بووە، تاکاتێک مەبەست ڕاگەیاندنی خواستی *بەئاگای* نەتەوەیە، پارتێکی کەمینەیە کە تەنیا بە دوای زۆرینەبوونەوەیە. لە ئاواتەکان و بەرنامەی سیاسیی خۆیدا، نوێنەری، نەک خواستی زۆرینەی نەتەوە، بەڵکوو بە پێچەوانە، تەنیا نوێنەر و هێمای خواستی بەئاگای پرۆلیتاریایە. تەنانەت سۆشیال دیموکراسی هەر لە ناو ئەو چینەشدا، ئیدعای ئەوە ناکات و نییەتی کە هێمای خواستی زۆرینە بێت. (سۆشیال دیموکراسی) تەنیا نیشاندەری خواست و بەئاگابوونی

---

[125] The True Ring
[126] Nathan The Wise
[127] Lessing

پێشکەوتووترین و شۆڕشگێڕترین بەشی پرۆلیتاریای پیشەسازیی شارییە. هەوڵ دەدات لە ڕێی بەئاگاکردنی کرێکاران سەبارەت بە بەرژەوەندییەکانیان، ئەو خواستە پەرە پێبدات و ڕێگایەک خۆش بکات بۆ زۆرینەی ئەوان. کەوابوو «خواستی نەتەوە» یان زۆرینەی ئەوان، بوتی سۆشیال دیموکراسی نییە کە زویرانە کڕنۆشی بۆ بەرێت. بەڵکوو ئەرکی مێژوویی سۆشیال دیموکراسی بەر لە هەموو شتێک لە سەر بنەمای شۆڕشگێڕکردن و چوارچێوەپێدان بە خواستی «نەتەوە»یە؛ واتا زۆرینەی چینی کرێکاری ئەو (نەتەوەیە). چونکە شێوەگەلی نەریتیی بەئاگابوونێک کە زۆرینەی نەتەوە و ـ هەر بۆیەش ـ چینە کرێکارەکان لە کۆمەڵگای بۆرژوایدا دەینوێنن، شێوەگەلی ئاسایی بەئاگابوونی بۆرژواین کە دژی ئایدیالەکان و ئاواتەکانی سۆشیالیزمن. تەنانەت لە ئەڵمانیاش کە سۆشیال دیموکراسی بەهێزترین پارتی سیاسییە ـ و ئەمرۆکەش هەر وایە ـ بە سێ ملیۆن و دووسەد و پەنجا هەزار دەنگدەرەوە، لە بەرامبەر هەشت ملیۆن دەنگدەری پارتە بوورژواکان و سی ملیۆن کەسێک کە مافی دەنگدانیان هەیە، کەمینە لە قەڵەم دەدرێت. دانی پێدا دەنێین کە ئاماری هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی، لێکدانەوەیەکی کەمتاکورتێک ڕاستمان سەبارەت بە پێوەندیی هێزەکان لەکاتی ئاشتیدا پێ دەبەخشێ. بەو پێیە نەتەوەی ئەڵمانیا بە هەڵبژاردنی زۆرینەی کۆنەخوازەکان، مەسیحییەکان و ئازادئەندێشان «خۆی بەڕێوە دەبات» و چارەنووسی سیاسیی خۆی دەداتە دەستی ئەوان. لە هەموو وڵاتانی تریشدا شتێکی هەر وەک ئەوە تەنانەت لە ئاستێکی بەرزتریشدا خەریکە ڕوو دەدات.

# V

وەرن با نموونەیەکی هەستەکی لە تێکۆشان بۆ بەکارهێنانی پڕەنسیپی «دیاریکردنی چارەنوسی نەتەوە لەلایەن خۆیەوە» باس بکەین.

سەبارەت بە پۆڵەندا لە قۆناغی ئێستای شۆڕشدا، یەکێک لە سۆشیال دێمۆکڕاتەکانی ڕووسی کە ئەندامی کومیتەی ئێدیتۆریالی ڕۆژنامەی ئیسکرا Iskra بووە ـ کە ئێستا ئیتر نەماوە ـ لە ساڵی ١٩٠٦دا چەمکی ئەنجومەنی پێویستی دامەزرێنەرانی (یاسای دەستووری) وەرشەو[128] بەو شێوەیە ڕوون دەکاتەوە:

> ئەگەر لەو پێشبینییەوە دەس پێ بکەین کە ڕێکخراوەی سیاسیی ڕووسیا، بۆ بوونی ستەمی ئێستا لە سەر نەتەوەکان، فاکتەری چارەنووسسازە، دەبێ بەو ئەنجامە بگەین کە (چینی) پرۆلیتاریای نەتەوە ستەملێکراوەکان و وڵاتە لکێندراوەکان دەبێ یەکجار چالاک بن بۆ ئەوەی ئەنجومەنێکی دامەزرێنەرانی (یاسای دەستوور) بۆ هەموو ڕووسییەکان ڕێک بخەن.
>
> ئەو ئەنجومەنە ئەگەر جێبەجێ بێت دەتوانێ کارگێڕیی شۆڕشگێڕی بەڕێوە ببات و ئەو کۆت و زنجیرانە بشکێنێ کە حکوومەتی تزاری بەوانەوە نەتەوە بندەستەکان بە خۆیەوە دەبەستێتەوە.

---

[128] Warsaw Constituent Assembly

جگەلەوەی مافی نەتەوەکان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان بچەسپێندرێ، هیچ ڕێگایەکی تری جێی ڕەزامەندیی شۆڕشگێڕانە بۆ چارەسەرکردنی ئەو پرسە بوونی نییە. ئەرکی پارتی یەکگرتووی پرۆلیتاریای هەموو نەتەوەکان لە ئەنجومەندا، دۆزینەوەی چارەسەرێکە بۆ پرسی نەتەوایەتی و ئەو ئەرکە تەنیا تا کاتێک لە لایەن پارتەوە دەستەبەر دەکرێ کە لە سەر بنەمای بزووتنەوەی جەماوەری بێ و لە ڕێی گوشارێکەوە بێت کە ئەوان دەیخەنە سەر ئەنجومەنی دامەزرێنەران.

بەڵام مافی دانپێنراوی دیاریکردنی چارەنووسی خۆ، لە کام چوارچێوەی بەرچاو و هەستپێکراودا دەستەبەردەکرێ؟

کاتێک کە پرسی نەتەوایەتی، کەم و زۆر، بە بوونی دەوڵەتی یاساییەوە دەتوانێ بناسرێ ـ هەروەک سەبارەت بە پۆڵەنداش وایە ـ بەو پێیە ئەو ئۆرگانەی کە دەتوانێ مافی نەتەوە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆ دەستەبەر بکات، (تەنیا) دەکرێ و دەشێ *ئەنجومەنێکی نەتەوەیی دامەزرێنەران(ی یاسای دەستوور) بێت کە ئەرکی تایبەتیی ئەو دیاریکردنی پێوەندیی نێوان «وڵاتێکی سنوورییە» لەگەڵ دەوڵەتێکی تەواو، بۆ ئەوەی بڕیار بدات کە ئایا دەبێ لە ناو دەوڵەتەکەدا بمێنێتەوە یان لێی جیا بێتەوە، بۆ ئەوەی سەبارەت بە چوارچێوەی ناوخۆیی ئەو و پێوەندیی داهاتووی لەگەڵ دەوڵەتە تەواوەکە بڕیار بدات.*

هەر بۆیەش ئەنجومەنی دامەزرێنەرانی پۆڵەندا دەبێ بڕیار بدات ئایا پۆڵەندا دەبێ بەشێک لە ڕووسیای نوێ بێت یان نا، هەروەها یاسای

دەستوورەکەشی دەبێ چی بێت. *پرۆلیتاریای پۆڵەنداش دەبێ هەموو توانای خۆی بەکار بێنێت تا دڵنیا بێت چینەکەی خۆی، کارتێکەری لە سەر ئەو ئۆرگانەی خۆبەڕێوەبەرایەتیی نەتەوەییە دەبێت*.

ئەگەر بڕیار وایە ئێمە داوا لەو ئەنجومەنە یەکسەر ڕووسیاییی بکەین کە چارەسەری پرسی نەتەوایەتیی پۆڵەندا، ڕادەستی سێیمی وەرشەو[129] بکات، پێم وانییە کە هیچ پێویستییەک بێ ئەو سێیمە وەدرەنگی بخەین تا ئەوکاتەی یاسادانەرانی پترزبورگ دیسان پرسی نەتەوایەتی بخەنەوە بەر کار و لێکدانەوە.

بە پێچەوانە، من پێموایە ئێستا دەبێ دروشمی ڕێکخستنی ئەنجومەنێکی دامەزرێنەران لە وەرشەو، هاوکات لەگەڵ دروشمی دانانی ئەو ئەنجومەنە بۆ هەموو ڕووسییەکان، بخرێتە ڕوو. ئەو حکوومەتەی کە لە کۆتاییدا خوازیاری ئەنجومەنی دامەزرێنەرانی (یاسای دەستوور) بۆ ڕووسیایە، دەبێ خوازیاری سێیمێکی دامەزرێنەرانی تایبەت بێت بۆ پۆڵەندا (یان بڕیارنامە دەر بکا بۆ ئەو داخوازە). ئەرکی ئەو ئەنجومەنە یەکسەر ڕووسییە دەبێتە بڕیاردان و پەسندکردنی کارەکانی سێیمی وەرشەو؛ بە هۆی هێزگەلێکی کۆمەڵایەتیی جیاواز کە لە ئەنجومەنی دامەزرێنەرانی پترزبورگدا هەن، هەر چی گرینگییەکی پتر بدرێ (بە بڕیارەکانی ئەو ئەنجومەنە) لە سەر بنەماکانی پڕەنسیپە واقعییەکانی دیموکراسی، نەتەوەی پۆڵەندی (دەتوانێ) خواستی نەتەوەیی خۆی زۆر تۆکمەتر و ڕوونتر بدرکێنێ. ئەو کارە ئەو کاتە دەتوانێ بە ڕوونترین شێوە لە

[129] Warsaw Sejm پەڕلەمانی (پلە خوارتری) پۆڵەندا

هەڵبژەردنەکانی سێیمدا بکات کە بە تایبەت بۆ بڕیاردان لە سەر داهاتووی چارەنووسی پۆڵەندا بێت. بە پێی بڕیارەکانی سێیم، نوێنەرانی پرۆلیتاریای ڕووسیا و پۆڵەندا لە ئەنجومەنی یەکسەرڕووسیدا، دەتوانن زۆر بەهێزتر پشتیوانی لە بەفەرمیناسینی واقعیی مافی دیاریکردنی چارەنووس بکەن.

بەو شێوەیە دروشمی ئێمە دەبێتە: داواکاریی هاوکاتی دوو ئەنجومەنی دامەزرێنەرانی (یاسا)، کە یەکیان یەکسەرڕووسی و یەکیان یەکسەرپۆڵەندی بێت.

خستنەڕووی داواکاریی پرۆلیتاریا بۆ ئەنجومەنی دامەزرێنەران بۆ پۆڵەندا نابێ بەو مانایە دانرێ کە نەتەوەی پۆڵەندا لە ئەنجومەنی یەکسەر ڕووسیدا لە لایەن لێژنەی نوێنەرایەتیی سێیمی وەرشەوەوە نوێنەرایەتی دەکرێ.

بەڕای من نوێنەرایەتییەکی ئاوا لە ئەنجومەنی یەکسەرڕووسیدا، لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی گەشەکردنی شۆڕشگێڕی ڕێک ناکەوێ. ئەو شتە ئەندامەکانی پرۆلیتاریا و بۆرژوایی سێیمی پۆڵەندا، بە پێچەوانەی پێوەندییە ڕاستەقینەی بەرژەوەندییەکانی هەر دوو لایەن، بە تەنافی یەکپارچەیی و بەرپرسیارێتیی پێکەوە دەبەستێتەوە.

لە ئەنجومەنی یەکسەرڕووسیدا، نابێ پرۆلیتاریا و بۆرژوایی پۆڵەندا تەنیا یەک لێژنەی نوێنەرانیان هەبێت. بەڵام ئەو شتە ڕوودەدات، تەنانەت ئەگەر لێژنەیەکی نوێنەران لە لایەن سێیمەوە نێردرا بۆ ئەنجومەنێک کە نوێنەرانی هەموو پارتەکانی سێیمی تێدابێ،

جا هەر کام بەڕێژەی ژمارەی خۆیان. لەو دۆخەدا نوێنەرایەتی ڕاستەوخۆ و سەربەخۆی پەرلەمانی پۆڵەندا لە ئەنجومەندا نامێنێ و خۆی پێکهێنانی پارتگەلی سیاسیی واقعی لە پۆڵەندا دژوار دەکرێت. کەوابوو هەڵبژاردن بۆ سێیمی پۆڵەندا کە گرینگترین ئەرکەکەی پێناسەکردنی (یان دیاریکردنی سنووری) پێوەندییە سیاسییەکانی نێوان پۆڵەندا و ڕووسیایە، ڕوخساری سیاسی و کۆمەڵایەتیی پارتە پێشڕەوەکان ئەوجۆرە نانوێنێت کە هەڵبژاردن بۆ هەر ئەنجومەنێکی یەکسەرڕووسی دەیتوانی بیکات؛ چونکە ئەو جۆرە هەڵبژاردنەی دواتریان، جگە لە پرسە ناوچەییەکان ـ مەبەست تاڕادەیەک پرسە مێژووییە کاتییەکان و بە تایبەت پرسی نەتەوایەتییەکانە ، *پرسە گشتییەکانی سیاسەت و سۆشیاڵیزمیش بەرەوپێش دەبات کە کۆمەڵگاکانی هاوچەرخ بە شێوەی واقعی دابەش دەکات*. (لێرەشدا وەک هەموو شوێنەکانی تر من سەبارەت بە شێوەیەکی تایبەت بۆ چارەسەرکردنی پرسی نەتەوایەتیی پۆڵەندا قسە دەکەم و خۆ لەو گۆڕانکارییانە نادەم کە ڕەنگە خۆیان وەک چارەسەری ناچاری پرسی نەتەوەکانی تر دەسەلمێنن. ـ سەرنج لە لایەن نووسەری وتارە لێباسکراووەیە.)[6]

ئەو وتارە بڕیارنامەیەکی مۆڕال دەخاتە ڕوو لە لایەن باڵی هەلپەرست[130]ی سۆشیال دیموکراسیی ڕووسیاوە بۆ ئەو دروشمەی وا PPS لە قۆناغی یەکەمی شۆڕشدا دەیدا: بۆ ئەنجومەنی دامەزرێنەرانی وەرشەو. بەڵام هیچ ئاکامێکی کردەیی نەبوو. دواى لێکهەڵوەشانەوەی PPS، باڵی

[130] Opportunist

بەناو چەپی ئەو پارتە کە بە ئاشکرایی بەرنامەی چاکسازیی پۆڵەندای ڕەت کردبۆوە، دیتی ناچارە دەس لە بەرنامەی هەندێک ناسیۆنالیستیی خۆی لە شێوەی دروشمی ئەنجومەنی دامەزرێنەرانی وەرشەو هەڵگرێ. بەڵام وتارەکە هەر وەک هەوڵێکی تایبەتییە بۆ ئەوەی کاریگەریی کردەیی ببەخشێ بە پڕەنسیپی «مافی نەتەوەکان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان».

لەو بەڵگەهێناوەیەی سەرەوەدا، کە بەخەستی باسمان کرد بۆ ئەوەی بتوانین لە هەموو ڕەهەندەکانەوە هەڵی سەنگێنین، چەند خاڵ دەخەینە بەر سەرنجی خوێنەر. لە پێش هەموویاندا، بە پێی بۆچوونی نووسەرەکە، لە لایەک «ئەنجومەنێکی دامەزرێنەرانی یاسای پۆڵەندا دەبێ بڕیار بدات ئایا پۆڵەند دەبێ بچێتە ناو چوارچێوەی ڕووسیای نوێ یان نا و چ یاسای دەستوورێکی دەبێ هەبێت» و لە لایەکی ترەوە، «پرۆلیتاریای پۆڵەندا دەبێ هێزی خۆی بۆ چەسپاندنی ئەوە بە کار بێنێت کە چینەکەی خۆی زۆرترین کاریگەریی لە سەر بڕیارەکانی ئەو ئۆرگانەی خۆبەڕێوەبەریی نەتەوەییە ببێت». لێرەدا خواستی چینایەتیی پرۆلیتاریای پۆڵەندا بەڕوونی دژی خواستی ناچالاک و بێلایەنی «نەتەوەی» پۆڵەندا هەیە. خواستی چینایەتیی پرۆلیتاریا تەنیا ئەو کاتە دەتوانێ بەچاکی «شوێنەواری خۆی» لە سەر بڕیارەکانی ئەنجومەنی دامەزرێنەرانی وەرشەو دابنێت کە زۆر بە ڕوونی و ئاشکرایی فۆڕمۆلە کرابێ؛ واتە پارتی چینی پرۆلیتاریای پۆڵەندی، یان هەمان پارتی سۆشیالیست، دەبێ بەرنامەی زۆر چاک پێناسەکراوی سەبارەت بە پرسی نەتەوایەتی هەبێت کە ئەویش دەتوانێ لە ئەنجومەنی دامەزرێنەرانی وەرشەو بەرنامەیەک بخاتە ڕوو کە نەک لەگەڵ خواستی نەتەوە، بەڵکوو تەنیا لەگەڵ خواست و بەرژەوەندییەکانی پرۆلیتاریای پۆڵەندا یەک بگرێتەوە. جا ئەوکات لە ئەنجومەنی دامەزرێنەراندا،

سەبارەت بە پرسی نەتەوایەتی، یەک خواست و ئیرادە ، واتە «دیاریکردنی چارەنووسی پرۆلیتاریا»، دژی خواست و ئیرادەی «دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوە» دەردەکەوێت. بە لای سۆشیالیستەکانی پۆڵەندییەوە لە ڕاستیدا «مافی نەتەوە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆ» وەک پرەنسیپێکی ناچار و پێویست نامێنێت و بە جێی ئەو بەرنامەیەکی سیاسیی بەڕوونی پێناسەکراو سەبارەت بە پرسی نەتەوایەتی دادەنرێت.

ئەنجامەکەی هەندێک جێی سەرەنجە. پارتی کرێکاریی سۆشیال دێموکڕاتیکی ڕووسیا، چارەسەرکردنی پرسی پۆڵەندا دەخاتە ئەستۆی «نەتەوەی» پۆڵەندا. سۆشیالیستەکانی پۆڵەندی نابێ (ئەو بەرپرسیارێتییە) وەرگرن، بەڵکوو دەبێ هەموو هەوڵی خۆیان بدەن ئەو پرسە بە پێی بەرژەوەندییەکان و خواستی پرۆلیتاریا چارەسەر بکەن. بەڵام پارتی پرۆلیتاریای پۆڵەندا لە بواری ڕێکخراوەییەوە بە پارتی هەموووڵاتەوە (پرۆلیتاریای هەموو ڕووسیاوە) بەسراوەتەوە؛ بۆ نموونە سۆشیال دیموکراسیی پاشایەتیی پۆڵەندا و لیتوانیا، بەشێک لە پارتی کرێکاریی سۆشیال دیموکراسیی ڕووسیایە. هەربۆیە سۆشیال دیموکراسیی گشت ڕووسیا، ڕەنگە بیرۆکە و واقعییەتیان یەکپارچە بێت، بەڵام دوو هەڵوێستی جیاوازی هەیە. (ئەو پارتە) بە شێوەی گشتی، نوێنەری «هەموو نەتەوەکانە بە هەموو پێکهاتەکانیانەوە و بە تایبەتیش نوێنەری پرۆلیتاریای هەرکام لەو نەتەوانەیە». بەڵام ئەو هەڵوێستانە دەتوانن تەواو جیاواز بن و تەنانەت ڕەنگە یەکسەر دژی یەکتریش بن. ناکۆکیی[131] توندوتیژی چینایەتی لە هەموو ڕووسیادا، ئەو شتە دەکاتە نەریتێکی گشتی کە هەر وەک سیاسەتی ناوخۆیی،

---

[131] Antagonism

لە هەمبەر پرسی نەتەوایەتی _سیاسیشدا، پارتە پرۆلیتاریاکان لەچاو بۆرژواکان و وردەبۆرژواکانی نەتەوە جیاجیاکان، هەڵوێستێکی تەواو جیاواز بگرنەبەر. بەو پێیە پارتی کرێکاریی ڕووسیا سەبارەت بەو لێککەوتن و ناکۆکییە، دەبێ کام هەڵوێست هەڵبژێرێت؟

وەرن هەر بۆ ڕێکوپێکی بەڵگەهێنانەوەکەش بێ وای دانێین، لە ئەنجومەنی دامەزرێنەری فێدێڕالدا دوو بەرنامەی دژبەر خراونەتەڕوو: بەرنامەی سەربەخۆی دیموکراسیی نەتەوایەتی و بەرنامەی سەربەخۆی سۆشیال دیموکراسیی پۆڵەندا، کە لەگەڵ حەزی ناوخۆیی و هەروەها فۆڕمۆلاسیۆنی سیاسی ڕێک ناکەوێ. هەڵوێستی سۆشیال دیموکراسیی ڕووسیا لە هەمبەر ئەوانە چۆن دەبێ؟ کام یەک لەو بەرنامانە وەک درکێنەری خواست و «دیاریکردنی (چارەنووسی)خۆ»ی «نەتەوەی» پۆڵەندا پەسند بکات؟ سۆشیال دیموکراسیی پۆڵەندا هەرگیز ئیدعای ئەوەی نەبووە کە بە ناوی «نەتەوە»وە قسە بکات. ناسیۆنال دیموکراسی درکێنەری لەپێشتری خواستی«نەتەوایەتی»یە. با جارێک وای دانێین کە ئەو پارتە لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی دامەزرێنەراندا، بە کەڵکوەرگرتن لە نەزانیی وردەبوورژواکان و بەشێکی تایبەت لە پرۆلیتاریا، زۆرینە بەدەس بێنێ. بەم جۆرە ئایا نوێنەرانی پرۆلیتاریای یەکسەرڕووسیایی، بە پێی پێویستییەکانی فۆڕمۆلای بەرنامەکەیان، لەگەڵ پێشنییارەکانی ناسیۆنال دیموکراسی ڕێک دەکەون و دژی هەڤاڵەکانی پۆڵەندایی خۆیان هەڵوێست دەگرن؟ یان خۆیان لەگەڵ بەرنامەی پرۆلیتاریای پۆڵەندا ڕێک دەخەن و گوێ لە «مافی نەتەوەکان» دەخەوێنن و وەک وتەیەکی دادەنێن کە بۆ هیچ شتێک و کارێک ناچار و بەرپرسیان ناکات؟ یان ئایا سۆشیال دێمۆکڕاتەکانی پۆڵەندا ناچار دەبن، بۆ چارەسەرکردنی ئەو دژیەکییانە لە بەرنامەکەیاندا، لە

ئەنجومەنی دامەزرێنەرانی وەرشەویش و شێواندنی پۆڵەنداش، بە قازانجی بەرنامەی سەربەخۆی خۆیان، ئامادە بن، بەڵام لە ئەنجومەنی دامەزرێنەرانی فێدێراڵدا وەک ئەندامانی زۆر بەئاگا لە دیسیپلینی پارتی سۆشیال دیموکراتیکی ڕووسیا ئامادە بن، چونکە بەرنامەی ناسیۆنال دیموکراسی دژی بەرنامەکەی خۆیانە؟

با نموونەیەکی تریش باس بکەین، بۆ ئەوەی پرسەکە بە شێوەیەکی تەواو زەینی لێک دەینەوە، کە وادیارە نووسەرەکەش کێشەکەی لە سەر ئەو بنەمایە خستووەتە ڕوو؛ بۆ ئەوەی بابەتەکە ڕوون کەینەوە وەرن وای دانێین لە ئەنجومەنی نەتەوەیی جەماوەری جووی ڕووسیادا، ئەو پرسیارە بێنینە پێش کە بۆچی دەبێ مافی دروستکردنی ئەنجومەنی دامەزراندنی جیاواز، تەنیا بۆ پۆڵەندا ڕەچاو بکرێ ـ ئەو جۆرەی نووسەر دەیەوێ ـ ؟ پارتی زایۆنیست بە جۆرێک زۆرینە دەباتەوە و داوا دەکات ئەنجومەنی دامەزرێنەرانی یەکسەرڕووسی دەنگ بدەن بۆ کۆچکردنی بەکۆمەڵی هەموو خەڵکی جوو. لە لایەکی تریشەوە نوێنەرانی چینی پرۆلیتاریای جوو، بەتوندی پێداگری دەکات کە هەڵوێستی زایۆنیستەکان زیانی هەیە و کارێکی یۆتۆپیایی کۆنەپەرستانەیە. لەو کێشەیەدا هەڵوێستی سۆشیال دیموکراسی ڕووسی دەبێ چی بێت؟

دوو بژاردەی دەبێت. «مافی نەتەوەکان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆ» ڕەنگە لە بنچینەدا لەگەڵ دیاریکردنی پرسی نەتەوایەتی لە لایەن پرۆلیتاریای مەبەست بەرامبەر بێت، واتە لەگەڵ بەرنامەی نەتەوایەتیی پارتە سۆشیال دێمۆکڕاتیکە پێوەندیدارەکان. لەو بابەتەدا، فۆرمۆلی «مافی نەتەوەکان» لە بەرنامەی پارتی ڕووسیدا تەنیا دووپاتکردنەوەیەکی

پێچەڵاوپووچی هەڵوێستی چینایەتییە. یان، بە جێی ئەو، پرۆلیتاریای ڕووسیایی بەو شێوەیە دەیتوانی تەنیا خواستی زۆرینە نەتەوەییەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕووسیا ڕەچاو بکات و ڕێزی بۆ دانێ، هەرچەند پرۆلیتاریای «نەتەوە» پێوەندیدارەکان بە بەرنامەی چینی خۆیانەوە دەبێ بەرهەڵستی ئەو زۆرینەیە ببنەوە. لەو بابەتەدا، ئەو شتە جۆرێک دوانەگەریی[132] سیاسیی تایبەتە؛ درکاندنێکی دراماتیکی ناتەبایی نێوان هەڵوێستی «نەتەوایەتی» و چینایەتیە: واتە کێشەی نێوان هەڵوێستی پارتی کرێکارانی فێدێڕاڵ و ئەو پارتە نەتەوەییە تایبەتانەی پێکی دێنن، دەخاتەڕوو.

ئۆرگانی گەیشتن بە مافی نەتەوە بۆ دیاریکردنی چارەنووس، دەبێ ئەنجومەنێکی دامەزرێنەرانی پۆڵەندیی تایبەت، ببێت. بەڵام لەڕاستیدا ئەو مافە لە دوو ئاراستەدا بە توندی لە لایەن نووسەرەوە سنووردار کراوە. سەرەتا، لێهاتوویی ئەنجومەنی دامەزرێنەری وەرشەو، تەنیا لە پرسی تایبەتی پێوەندیی پۆڵەندا و ڕووسیا و یاسای دەستوور بۆ پۆڵەندادا کورت کراوەتەوە. دوای ئەوەش تەنانەت لەو چوارچێوەیەشدا بڕیارەکانی «نەتەوەی پۆڵەندا» کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی بڕیارنامەی ئەنجومەنی دامەزرێنەرانی یەکسەرڕووسی. بەڵام، تەنانەت ئەگەر ئەو مەرجە مانایەکیشی هەبێت، ئەنجومەنەکە دەتوانێت ئەو بڕیارنامانە یان پەسند بکات یان ڕەتیان بکاتەوە. لە هەلومەرجێکی ئاوادا «مافی بێسنووری نەتەوە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆ» تاڕادەیەک پڕۆبلێماتیک دەبێتەوە. ئەو پارتیزانە نەتەوەییانەی وا دروشمی ئەوان ئەنجومەنی جیاوازی دامەزرێنەرانی وەرشەوە، هەرگیز بە کەمکردنەوەی دەسەڵاتیان لە

[132] Dualism

چوارچێوەیەکی بچووکی وەک پێوەندییەکانی نێوان پۆڵەندا و ڕووسیا، ڕازی نابن. ئەوان داواکاری هەبوونی دەسەڵات بەسەر هەموو پێوەندییە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی ژیانی سیاسیی پۆڵەندا بوون. لە ڕوانگەی «مافی نەتەوکان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆ»وە، ئەوان بێگومان خاوەنی ماف و مەنتقی تەواو بوون. چونکە وێدەچی ئەو پرسیارە هۆکارێکی عەقلانی نییە کە بۆچی «دیاریکردنی چارەنووس» تەنیا بە مانای چارەسەرکردنی چارەنووسی دەرەکیی نەتەوە و یاسای دەستووردانان بێت، نەک بابەتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان. دوای ئەوەش جیاکردنەوەی پێوەندی نێوان پۆڵەندا و ڕووسیا و یاسادەستووری پۆڵەندا، لە «کێشە گشتییەکانی سیاسەت و سۆشیالیزم»، دیاریکردنی یاسای هەڵبژاردن، یاسای کۆڕ و کۆبوونەوەکان، یاسای چاپەمەنی و هتد بۆ پۆڵەندایە ـ کە بێگومان هەر دەبێ واشبێ ـ . کەوابوو ڕوون نییە کام پرسگەلی سیاسی سەبارەت بە پۆڵەندا دەمێنێتەوە بۆ ئەوەی ئەنجومەنی دامەزرێنەرانی فێدێراڵ چارەسەریان بکات. لەو ڕوانگەیەوە، یەکیان لەو دوو بۆچوونە ڕێگەی پێ دەدرێ: یان ئەنجومەنی دامەزرێنەرانی وەرشەو ئۆرگانێکی پێویست و بنچینەییە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی پۆڵەندی، کە لێرەدا تەنیا دەتوانێ ئۆرگانێک بێت لە هەمان ئاستی ئەنجومەنی دامەزرێنەرانی پترزبورگ؛ یان، ئەنجومەنی دامەزرێنەرانی وەرشەو تەنیا ڕۆڵی سێیمی نەتەوەیی پۆڵەندای لە پێگەی بەسراوە و ژێردەسەڵاتیی ئەنجومەنی دامەزرێنەرانی فێدێراڵدا لە ئەستۆ دەبێت ـ کە لێرەدا «مافی نەتەوە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆ» گوێڕایەڵی بڕیارنامەی «نەتەوە»ی ڕووسیایە و مرۆڤ ئەو بیرۆکە ئەڵمانیاییەی بیر دەکەوێتەوە: «کۆمارێک کە دووکی گەورە سەرۆکیەتی».[7]

نووسەرەکە خۆی یارمەتیمان دەدات بزانین، بە پێی تێگەیشتنی ئەو، چۆن ئەو «مافی نەتەوە»یەی وا بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش لە پێشەکیدا وەک ئەنجومەنی دامەزرێنەرانی وەرشەو ئیدعای کرابوو، لەکۆتاییدا بە دەسەڵاتی مافی بڕیارنامەی ئەنجومەنی دامەزرێنەرانی پترزبورگ، لادەبرێت.

لەو بابەتەدا، ڕوانینی ڕۆژنامەنووسی مەنشێڤیک[133] ئەوەیە کە ئەنجومەنی دامەزرێنەرانی وەرشەو، دەبێتە ئۆرگانی بەرژەوەندییەکانی نەتەوەیی، بەڵام ئەنجومەنی فیدێڕال وەک ئۆرگانی بەرژەوەندیی کۆمەڵایەتی گشتی و چینایەتی دەردەکەوێ، واتا گۆڕەپانی ململانێی چینایەتیی نێوان پرۆلیتاریا و بۆرژوای. نووسەر بەو پێیە بێمتمانەییەکی زۆر لە هەمبەر ئۆرگانی وەرشەوی «خواستی نەتەوەیی» دەنوێنێ، تا ڕادەیەک کە دژی نوێنەرایەتیی ئەو سێیمی نەتەوەییە لە ئەنجومەنی دامەزرێنەرانی پترزبورگەیە کە بۆ ئەو شتە داواکاری هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ لە پۆڵەندا بوو بۆ ئەوەی باشترین نوێنەرایەتیی بەرژەوەندییەکانی پرۆلیتاریای پۆڵەندی دابین بکات. لایەنگری دوو ئەنجومەنی دامەزرێنەران بەشێوەیەکی زاتی هەست دەکات تەنانەت بە هەڵبژاردنی گشتی و یەکسانیش بۆ ئەنجومەنی وەرشەو، سروشتی تایبەتی ئەو، پێگەی پرۆلیتاریای پۆڵەندا لاواز دەکات، هاوکات هاتنەژوورەوەی پێکەوەی پرۆلیتاریای پۆڵەندی لەگەڵ پرۆلیتاریای هەموو وڵات بە شێوەی ئەنجومەنێکی دامەزرێنەرانی گشتی، پێگەی چینایەتی و (توانای) بەرگریکردنی بەهێزتر دەکات. بەوشێوەیە دۆخی دڕدۆنگیی ئەو لە نێوان ئەو

[133] Menshevik

یان ئەم پێگەیە و ئاواتی ئەو بۆ بندەستکردنی ئۆرگانی خواستی «نەتەوایەتی» لە ژێر ئۆرگانی خەباتی چینایەتی، دەردەکەوێ. بەو شێوەیە ئەوەش هەڵوێستێکی سیاسیی دوودەنگانەیە کە لەودا لێککەوتنی نێوان ڕوانگەی «نەتەوایەتی» و چینایەتی دەبێتە دژبەرێتی نێوان ئەنجومەنی دامەزرێنەرانی وەرشەو و پترزبورگ. تەنیا یەک پرسیار دەمێنێتەوە: ئەگەر نوێنەرایەتی لە ئەنجومەنی دامەزرێنەرانی فێدێڕالدا زۆر لە لایەنگریکردن لە پرۆلیتاریای پۆڵەندی بەقازانجترە، ئەی بۆ ئەو ئەنجومەنە ناتوانێ پرسی نەتەوایەتی پۆڵەندا چارەسەر بکات تا زۆرینەی خواست و بەرژەوەندییەکانی پرۆلیتاریای پۆڵەندا دابین بکات؟ ئەو هەموو گومان و لێکدژییانە هەن کە دەری دەخەن بۆ نەتەوەش و چینی کرێکاریش چەند جێی ئاواتە کە هەڵوێستێکی هاوبەشیان هەبێت.

جگەلەوە دەبێ ئەوەش بڵێین تەواوی (بابەتی) بەدیهێنانی ئەنجومەنی دامەزرێنەرانی وەرشەو، وەکوو ئۆرگانی «دیاریکردنی چارەنووسی» نەتەوایەتی، تەنیا وەک خەیاڵێکی پووچ وایە: سەربەخۆبوون یان نەبوونی دەوڵەت/نەتەوەکان لەڕێی دەنگی زۆرینەی نوێنەرانی پەرلەمانەوە دیاری ناکرێ، بەڵکوو تەنیا بە گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی/ئابووری، بەرژەوەندیی چینایەتی مادی و سەبارەت بە کاروباری سیاسەتی دەرەوەش، بە خەباتی چەکداری، شەڕ یان سەرهەڵدان دیاری دەکرێت. ئەنجومەنی وەرشەو تەنیا کاتێک دەیتوانی چارەنووسی پۆڵەندا بەواقعی دیاری بکات کە پۆڵەندا، بەر لە هەموو شتێک، لە ڕێی سەرهەڵدانی سەرکەوتووانەوە سەربەخۆیی واقعیی خۆی لە ڕووسیا هەستاندبا. واتا خەڵکی پۆڵەندا تەنیا کاتێک دەتوانێ بە «مافی» خۆی بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بگات کە توانای کردەیی

هەبێت، کە هێزی پێویستە بۆ ئەو کارە و دوای ئەوەش نەک بە پێی «مافەکانی» خۆی، بەڵکوو بە پێی هێز و توانای خۆی پێی دەگات. شۆڕشی ئەوکاتە خوازیاری بزووتنەوەیەکی سەربەخۆیی لە پۆڵەندا نەبوو؛ تەنانەت کەمترین ئارەزووشی بۆ جیابوونەوەی پۆڵەندا لە ڕووسیا نەنواند. بە پێچەوانە دوایین پاشماوەکانی ئەو ئارەزووەشی بە ناچارکردنی پارتی نەتەوەخواز (ناسیۆنال دیموکراسی) بە چاوپۆشیکردن لە بەرنامەی سازکردنەوەی پۆڵەندا، خستە ژێر خاک ـ لە کاتێکدا کە پارتەکەی تر PPS پرژوبڵاو ببوو ـ هەروەها لە جەنگەی خەباتدا ناچار کرا کە بە ئاشکرایی لەو بەرنامەیە پاشگەز بێتەوە. بەو پێیە «مافی» نەتەوەی پۆڵەندا بۆ دیاریکردنی چارەنووس وەک مافی خواردن لە سەر قاپی زێرین دەمێنێتەوە (واتا مافێک کە لە کردەدا هیچ دەسکەوتێکی کردەیی بەکارهاتووی نییە).

بەو شێوەیە داواکردنی ئەنجومەنی دامەزرێنەرانی وەرشەو بەئاشکرایی لەهەموو گرینگایەتیی سیاسی و تیۆریک بێبەش دەبێت و تەنیا وەک بەرکوڵێکی[134] لەبەردڵانی کاتی وایە بۆ ناسیۆنالیزمی بەسەریەکدا شێواوی پۆڵەندا، وەک تۆقلەیەکی کەفاو کە دەسبەجێ دوای بدەیهاتنی دەتوقێ و لە ناو دەچێ. ئەو داواکارییە تەنیا وەک وێنەیەک(ی ڕێنوێیێن) بۆ بەکارهێنانی «مافی نەتەوە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆ» لە کردەدا، بەکار دێت. ئەو وێنەیە بەڵگەیەکی نوێیە کە سۆشیال دیموکراسی بە بیرخستنەوەی «مافی نەتەوەکان بۆ دیاریکردنی چارەنووس» لە چوارچێوەی ڕژیمی ئێستادا، پێشنیار بە «نەتەوەکان» دەکات یان شوکرانەبژێر بن بەوەی بە پێی هێز و توانای خۆیان لە پێگەی ئێستایاندا چییان لەدەس دێ بیکەن

[134] پارووەنان یان شتێکی تر کە تەنیا بە شێوەی زۆرزۆر کاتی برسێتی دەوەستێنێ

یان بە قسەیەکی پووچی بێهێز و دەسەڵاتەوە خۆیان سەرقاڵ بکەن. لەلایەکی ترەوە ئەو هەڵوێستە، سۆشیال دیموکراسی لەگەڵ مانای ڕاستەقینەی خۆی، واتا پشتیوانی لە بەرژەوەندی چینایەتی پرۆلیتاریا و گەشەکردنی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵگا ـ کە بەدیهێنەرانی سۆشیالیزمی زانستی وەک بنەمای ڕوانینیان بۆ پرسی نەتەوایەتی بەکاریاندێنا، دەخاتە کێشەوە.

لایەنگری لەو وتە مێتافیزیکییە لە بەرنامەی پارتی سۆشیال دێمۆکڕاتیکی ڕووسیا، خەیانەتە بەو هەڵوێستە یەکجار چینایەتییەی کە پارتەکە هەوڵی دەدا لە هەموو خاڵەکانی بەرنامەکەدا ڕەچاوی بکات. لە جێی برگەی نۆیەم دەبێ فۆرمۆلێکی هەستەکی دانرێ، جا هەرچەندە گشتیش بێت، کە چارەسەرێک بۆ پرسی نەتەوایەتی بدۆزێتەوە، چارەسەرێک کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی پرۆلیتاریای نەتەوە تایبەتەکانیش یەک بگرێتەوە. ئەو قسەیە بە هیچ شێوەیەک بە مانای ئەوە نییە کە بەرنامەی ڕێکخراوەی سۆشیال دێمۆکڕاتیکی نوێنەرانی نەتەوەکان دەبێ ڕێک وەک بەرنامەی پارتی یەکسەرڕووسیایی بێت. هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەگرانەی بنچینەیی هەرکام لەو بەرنامانەی پێویستە لە لایەن کۆی گشتیی کرێکارانی وڵاتەوە، بەڵام ئەو هەڵسەنگاندنە دەبێ لە ڕوانگەی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی واقعییەوە بکرێت؛ لە ڕوانگەی شیکاریی زانستیی حەزە گشتییەکان بۆ گەشەکردنی سەرمایەداری و هەروەها بەرژەوەندییەکانی خەباتی چینایەتیی پرۆلیتاریاوە. ئەوە بە تەنیا دەتوانێ هەڵوێستی یەکشێوە و هەمیشەیی پارتەکە، هەم وەک کۆیەکی گشتی و هەم وەک بەشە پێکهێنەرەکانی، دەر بخات.

[1] **Revolution and Konterrevolution in Deutchland**, pp. 57-62

[2] **Die Neue Zeit**, 1904-1905, Vol.II, p.146.

[3] **Ausdem literarischen Nachlass von Karl Marx, Friedrich Engels und Ferdinand Lassale**, Vol.III, p.241

[4] Kautsky. **Nationalitat und Internationalitiat,** pp.12-17&p.23.

[5] هەمان سەرچاوەی پێشوو

[6] ئەو وتارەی سەرەوە گۆڤاری Robotnik ی ڕێکخراوەی PPS ەوە کە هاتووە، دا no.75,February 7, 1906. Note of the editorial board of **Przeglad Sozial-demokratyczny**

[7] Die Republik mit dem Grossherzog an der Spitze – The Republic with the Grand Duke at the Head